# چوارچێوەی کاری پەرلەمانتار

## لە سایەی یاسا بەرکارەکان و پەیڕەوی ناوخۆدا

نووسینی: **هیوا حامد**
ڕاوێژکاری یاسایی پەرلەمانی کوردستان

2019

سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان
KURISTAN PARLIAMENT - RESEARCH CENTER

چاپی یەکەم- 2019


**ناوی کتێب:** چوارچێوەی کاری ئەندامی پەرلەمان لە سایەی یاسا بەرکارەکان و پەیڕەوی ناوخۆدا

**بابەت:** توێژینەوە

**نووسینی:** هیوا حامد ، راوێژکاری یاسایی پەرلەمانی کوردستان

**زمانەوانی:** سۆران عەلی

**دیزاین ناوەڕۆک:** سۆران عەبدولڕەحمان

**دیزاین بەرگ:** حامد سەقزی

ژمارەی سپاردن: 445 /2019 – هەولێر – هەرێمی کوردستان



ناونیشان
هەولێر: پەرلەمانی کوردستان شەقامی ٦٠ مەتری – بەرامبەر پارکی سامی عەبدولرەحمان
Erbil, 60sAvenue, Kurdistan parliament, Iraq
www.perman.org
PI-Research center
e.mail: researchcenter42@gmail.com
0750 940 2405 / 0770 405 2747

# ناوەرۆک


| | |
|---|---|
| 4 | بەرایی |
| 6 | پێشەکی |
| 9 | یەکەم: ئەندامی پەرلەمان کێیە؟ |
| 11 | 1. پێناسەی ئەندامی پەرلەمان |
| 13 | 2. دەستپێکردنی پێگەو تایبەتمەندی ئەندامییەتی |
| 15 | دووەم: سەرچاوەکانی ڕێکخستنی کاری ئەندامی پەرلەمان |
| 21 | سێیەم: ڕێگاکانی بوون بەئەندامی پەرلەمان |
| 25 | چوارەم: ئەرکەکانی ئەندامی پەرلەمان |
| 27 | 1. ئەرکی یاسادانان |
| 32 | 2. ئەرکی نوێنەرایەتیکردن |
| 34 | 3. ئەرکی نووسینەوەو پەسندکردنی دەستوور |
| 37 | 4. ئەرکی دارایی |
| 40 | 5. هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی کەسانێک بۆ... |
| 43 | 6. ئەرکی سیاسی |
| 50 | 7. ئەرکی دادوەری |
| 55 | 8. ئەرکی چاودێریکردن |
| 63 | پێنجەم: پابەندییەکانی ئەندامی پەرلەمان |
| 71 | شەشەم: مافەکانی ئەندامی پەرلەمان |
| 81 | حەوتەم: ڕێککارە بەرزەفتیەکانی تایبەت بە کاری ئەندامی ... |
| 87 | هەشتەم: نەمانی ئەندامێتی |
| 89 | 1. کۆتاییهاتنی ئەندامێتی |
| 90 | 2. دەستلەکارکێشانەوە |
| 90 | 3. لەدەستدانی ئەندامێتی |
| 93 | سەرچاوەکان |

## بەرایی

پەرلەمانتـار بەپێـی دەسـتوورو ئەو یاسـا بەرکـارانە کارەکانی بەڕێوە دەبات کە چوارچێوەی کاری پەرلەمان و پەیوەنـدی وەزیفـی نێـوان پەرلەمـان و حکـومەت لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان رێک دەخەن.

لەبەر ئەوەی هەرێمـی کوردسـتان تـا ئێسـتا خـاوەنی دەستووری خۆی نییە، بۆیە یاسا سروشت دەستوورییەکان زۆر جار لە زۆر بابەتدا رۆڵی ئەو دەستوورە دەبینن کە تا ئێستا نیمانە.

سـەبارەت بەکـاری پەرلەمـانی لە هەرێمـی کوردسـتان، کە مێژوویەکــی دووردرێــژی نیــیە، دوو ســەرچاوەی ســەرەکی چوارچێـوەی کـاری پەرلەمـانی رێـک دەخەن، یەکێکیـان یاسـای هەڵبژاردنـەکانی پەرلـەمانی کوردسـتان ژمـــارە (1)ی ســـاڵی 1992ی هەمـــوارکراوە، ئەوەی دیکەشیان پەیڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردستانە، لەگەڵ ژمـارەیەک لەو یاسـایانەی کە سروشـتی دەرکـردن و کارکردنیان پەیوەندی بە کاری پەرلەمانتارانەوە هەیە.

بـۆئەوەی پەرلەمانتـار بەئاسـانی دەسـتی بگـات بە ناوەرۆکی ئەو یاسایانەو شیکردنەوەی پێویستیش لەبارەی

سروشــــتی کـــارکردنی مـــاددەو بڕگەکانیـــان وەربگرێـــت، پێویســـت بـــوو نـــامیلکەیەکی یارمەتیـــدەر لە چوارچێـــوەی تـــوێژینەوەیەک لە یاسـا بەرکـارە پەیوەندیـدارەکان بەکـاری پەرلەمـــانی لە هەرێمـــی کوردســـتان بخـــرێتە بەردەســـتی پەرلەمانتاران.

بەسوپاســەوە وەک هەمێشــە راوێژکــار هیــوا حامــد کە هاوکــارو پشــتیوانی ســـەنتەری تـــوێژینەوەی پەرلەمـــان و پەرلەمانتــارانە، ئەم تـوێژینەوەیەی گـرتە ئەسـتۆی خـۆی و پێشتریش لە خولی تایبەتی پەرلەمانتاران لە موحازەرەیەکدا پێشکەش کرابوو.

**فوئاد ئەحمەد**

**بەرپرسی سەنتەری توێژینەوە**

**2019/1/8**

# پێشەکی؟

دەسەڵاتی یاسادانان کە لە پەرلەماندا خۆی دەبینێتەوە، تەواوکەری دوو دەسەڵاتەکەی دیکەیەو رۆڵی گرنگ و کاریگەر دەبینێت لە پێشخستن و گەشەسەندنی ژیانی دیموکراسی و چەسپاندنی دەوڵەتی یاسا لە هەر وڵاتیکدا. ئەندامی پەرلەمانیش بزوێنەرو بەرجەستەکەری ئەو رۆڵەیە.

لە هەرێمی کوردستانیش ژیانی پەرلەمانی راستەقینە لەدوای راپەڕینی بەهاری ساڵی 1992 و بەدیاریکراوی لەدوای یەکەم هەڵبژاردنی ئازادانەی پەرلەمان لە (1992\5\19)ەوە دەست پێدەکات. بەتێروانین لەو مێژووە کورتەی ژیانی پەرلەمانی لە هەرێمی کوردستان و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بارودۆخە دژوارانەی هەرێمی کوردستانیان پێدا تێپەریوە، کە بەشێکیان رێگر بوون لەبەردەم گەشەسەندنی ژیانی دیموکراسی و پەرلەمانی لەم هەرێمەدا، دەتوانین بڵێین خاوەنی ئەزموونێکی کەڵەکەبووی ئەوتۆ نین لەو بوارەدا. هەربۆیە ئەرکی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بۆ چەند خولێکی دیکەش سەخت و دژوار دەبێت تاوەکو دەبینە خاوەنی ژیانێکی پەرلەمانی سەقامگیر، کە روخسارو پرەنسیپەکانی بەتەواوی خەملی بن و قۆناغی کێشمەکێشی چەمکەکانی تێپەڕاندبێت و بوبێتە کەلتور، نەک هەر تەنیا لە چوارچێوەی بنەما یاساییەکاندا رێکخرابێت. سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستانیش کە لە خولی سێیەمی پەرلەمانەوە دەستبەکار بووە، هاوشان لەگەڵ چەندین ریکخراوی ناحکومی و نێودەوڵەتی و

ریکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان، رۆڵی گرنگ و بەرچاوی هەبووە لە پێشخستن و بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری ئەندامانی پەرلەمان لە خولە یەک لەدوای یەکەکاندا، ئەوەش لەمیانەی ئەنجامدانی چەندین چالاکی جۆراوجۆردا. لە سەرەتای خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستانیش بەسوپاسەوە سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمان پێشنیاری ئەوەیان بۆ کردین، کە نامیلکەیەک ئامادە بکەین سەبارەت روونکردنەوەی رۆڵ و پێگەی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە سایەی یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا، ئێمەش لەلای خۆمانەوە هەوڵمان دا لەرێگەی نووسینی ئەم نامیلکەیەوە تیشک بخەینە سەر ئەرک و رۆڵ و بەرپرسیاریەتی ئەندامانی پەرلەمان و خستنەرووی زۆرینەی هەرە زۆری ئەو ماددەو بڕگانەی پەیڕەوی ناوخۆ و یاسا بەرکارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان کە چوارچێوەی کاری ئەندامانی پەرلەمانیان رێکخستووە. بێگومان ئەمەش خزمەتێکی گەورەیە کە سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمان خستویەتییە ئەستۆی خۆی و سەرەنجام جگە لەوەی رۆڵی ئەرێنی دەبێت لە پێشخستنی ئەزموونی پەرلەمانی لە هەرێمی کوردستاندا، ئەندامانی پەرلەمانیش بەرچاو رۆشن دەکات سەبارەت بەو حوکمە یاساییانەی کە چوارچێوەی کاری ئەوانی رێکخستووە.

نووسەر

2019/1/2

## ڕەهەندەکانی پەیوەست بەکاری پەرلەمانی

هەوڵ دەدەین لە میانەی ئەو نامیلکەیەدا تیشک بخەینە سەر چەند ڕەهەندێکی پەیوەست بەکاری ئەندامی پەرلەمان لەوانە:

یەکەم: ئەندامی پەرلەمان کێیە؟
دووەم: سەرچاوەکانی ڕێکخستنی کاری ئەندامی پەرلەمان
سێیەم: ڕێگاکانی بوون بەئەندامی پەرلەمان
چوارەم: ئەرکەکانی ئەندامی پەرلەمان
پێنجەم: پابەندییەکانی ئەندامی پەرلەمان
شەشەم: مافەکانی ئەندامی پەرلەمان
حەوتەم: ڕێککارە بەرزەفتیەکانی تایبەت بە کاری ئەندامی پەرلەمان:
هەشتەم: نەمانی ئەندامێتی

# یەکەم

# ئەندامی پەرلەمان کێیە؟

### 1. پێناسەی ئەندامی پەرلەمان

بەداخەوە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، تەنانەت دەستووری عیراقیش، خاڵین لە ئاماژەکردن بەپێناسەی ئەندامی پەرلەمان، بۆیە بەناچاری دەچینە لای نووسینەکانی کەسانی شارەزا لە بواری یاسا و هەروەها دەقی یاسای هەندێ لە وڵاتان کە پێناسەی ئەندامی پەرلەمانیان کردووە، تا پێناسەیەک بۆ ئەندامی پەرلەمان بکەین.

– د. ئەڤین خالید عەبدوڵڵا لە پەرتوکەکەی بەناوی (المركز القانوني لعضو البرلمان) بەمشێوەیە پێناسەی ئەندامی پەرلەمانی کردووە:

**"کەسێکی سروشتییە، بەهەماهەنگی لەگەڵ هاوپیشەکانی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو پیادەی دسەڵات دەکات لەبری گەل، لەرێگای دامەزراوەی یاسادانانەوە"**

(عەبدوڵڵا، 2017 :42).

- له رووی دەقی یاسایشەوە، یاسای ژمارە (1) ی ساڵی 2001 کە تایبەتە بە ئەندامی پەرلەمانی جەزائیر لە بــڕگەی دووەم بەمشــێوەیە پێناســەی پەرلەمانتــار کراوە کە بریتیە لە:

**"هەر کەسێکی هەڵبژێردراو یان دەستنیشانکراو بەگــوێرەی یاســا و ئەنــدامێتی لە پەرلەمانــدا پشتڕاســت کــرابێتەوە بەگــوێرەی حوکمەکــانی پەیڕەوی ناوخۆ."**

لەوسۆنگەیەوە بەپێویستی دەزانم ئەندامانی خولی پێنجــەمی پەرلــەمانی کوردســتان هــەوڵ بــدەن کــەموکورتی نــەبوونی پێناســەیەک بــۆ ئەنــدامی پەرلەمان لە هەرێمی کوردستان چارەسەربکەن لە ڕێگای دەرچوواندنی یاسایەکی تایبەت بەئەندامی پەرلــەمانی کوردســتان یــاخود لــە ڕێگــەی هەموارکردنــەوەی یاســای ژمــارە(1)ی ســاڵی 1992ی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردسانەوە بێت.

## 2. دەستپێکردنی پێگەو تایبەتمەندی ئەندامییەتی

سەبارەت بە دەستپێکردنی پێگەو تایبەتمەندی ئەندامییەتی ، یاساو پەیڕەوی ناوخۆی ولاتان جیاوازیان هەیە ، لە هەندێکیان دوای پەسند کردنی ئەنجامی هەڵبژارنەکان ئەم پێگەو تایبەتمەندیە دەست پێدەکات هەروەک عیراق ، کاتێک لە ماددەی (14) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەران(1). ئاماژە بەوە دەکات کە پاڵێوراوی هەڵبژێردراو لە واددەی پەسند کردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە بە ئەندام هەژمار دەکرێت ،لە ئوردن پاڵێوراوی سەرکەوتو راستەوخۆ دوای بڵاوکردنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لە رۆژنامەی فەرمی ولات پێگەی یاسایی ئەندامییەتی وەردەگرێت(2).

لە هەرێمی کوردستان پاڵێوراوی سەرکەوتو پێگەو تایبەتمەندی یاسیی ئەندامیەتی وەرناگرێت تاوەکو

---

(1) ماددەی (14): (يعد المرشح المنتخب عضوا في المجلس ويتمتع بجميع حقوق العضوية ابتداءا من تأريخ المصادقة على نتائج الانتخابات...).

(2) الليمون، عوض رجب، احكام اسقاط العضوية عن اعضاء مجلس الامة في الدستور الاردني، مجلة دراسات علوم الشريعة والقانون، الجامعة الاردنية، المجلد (4)، العدد (1)، 2014، ص34.

سـوێندی یاسـایی نەخـوات ئەوەش بە رونـی بـڕگەی یەکەمـی مـاددەی (13) لە پەیـڕەوی نـاوخۆ ئامـاژەی پێکـراوە کە تیایـدا هـاتوە (لە رێکەوتـی سـوێندخواردنی یاسـاییەوە کاندیـدی هەڵبژێـردراو دەبێـتە ئەنـدام ....) ، هەروەهـا لە مـاددەی یەکەم لە یاسـای ژمـارە (13)ی سـاڵی 2009 بە هەمـان شـێوە پەرلەمـانی کوردسـتان جەخت دەکاتەوە لەسـەر هەمان بۆچون کاتێک دەڵێت ( لە حاڵەتی سوێن نەخواردنی کاندیدی هەڵبژێردراو بۆ پەرلەمـــان ....) ئەمەش مانـــای ئەوە دەگەیەنێـــت کە کاندیدی هەڵبژێردراو تا سوێندی یاسایی نەخوات پیگەو تایبەتمەندی ئەندامییەتی وەرناگرێت بۆیە یاسادانەر بە کاندیـــدی هەڵبژێـــردراو نـــاوی دەهێنێـــت پـــێش سوێندخواردنی.

# دووەم

# سەرچاوەکانی ڕێکخستنی کاری ئەندامی پەرلەمان

بەشێوەیەکی گشتی چەند سەرچاوەیەک چوارچێوەی کاری ئەندامی پەرلەمان ڕێک دەخەن، لەوانە:

**دەستوور:** هەرچەندە هەرێمی کوردستان تا ئامادەکردنی ئەم بابەتە خاوەنی دەستووری تایبەت بەخۆی نییە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەستووری وڵاتان هەریەکەو بەپێی تایبەتمەندی جۆر و شێوازی سیستەمی سیاسی و حوکمڕانی وڵاتەکە، چوارچێوەی کاری ئەندامی پەرلەمانیان ڕێکخستووە، لەگەڵ ئەوەشدا دەستووری هەمیشەیی ساڵی (2005)ی عێراق لەمیانەی ماددەکانی (117) بڕگەی یەکەم، ماددەی (120) و ماددەی (121) بڕگەی یەکەم و دووەم،

چوارچێوەی کاری پەرلەمانی کوردستانی دیاری کردووە[3].

**یاسا بەرکارەکان:** بەشێوەیەکی گشتی یاساکانی هەرێمی کوردستان و یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی 1992ی هەموارکراو بەتایبەتی، چوارچێوەی کاری ئەندامی پەرلەمانی کوردستانیان ڕێکخستووە، بەنموونە: یاسای ژمار(1) ی ساڵی 1992 لەمیانەی ماددەکانی (5،4،3،1)، (39 تا 57) لەگەڵ ماددەکانی (61 تا 65) ئاماژەیان کردووە بە

---

(3)ماددەی (117) یەکەم: ئەم دەستوورە لە بەرواری پیادەکردنیەوە دان بە هەرێمی کوردستان و ئەو دەسەڵاتەی ئێستایدا دەنێت وەک هەرێمێکی فیدرالی. ماددەی (120) هەرێم دەستوورێک بۆ خۆی دادەڕێژێت، هەرەمی دەسەڵاتەکانی هەرێم و میکانزمی بەکارهێنانی ئەو دەسەلاتانە دیاری دەکات بە مەرجێک ناکۆک نەبێت لەگەڵ ئەم دەستوورەدا. ماددەی (121) یەکەم: دەسەڵاتی هەرێمەکان مافی پیادەکردنی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و ڕاپەڕاندن و دادوەریان هەیە بەگوێرەی ئەم دەستووره جگەلەو دەسەڵاتانەی کەتایبەتن بە حکومەتی فیدرالیەوە.دووەم: حکومەتی هەرێم مافی هەمواركردنی جێبەجێکردنی یاسای فیدرالی لەهەرێمەکەدا هەیە، ئەگەر ناکۆکی یان دژ یەک لەنێوان یاسای فیدرالی و یاسای هەرێمدا هەبوو لەسەر بابەتێک کە لەسنوری ئەم دەسەلاتانەدا نەبێت کە تایبەتن بەحکومەتی فیدرالی.

چوارچێوەی کاری ئەندامانی پەرلەمان (بەزان،2016: 7-52).

وێڕای چەندین بڕگەو ماددەی جیاواز لێرەو لەوێ لە یاسا بەرکارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان کە دواتر لەمیانەی بەشەکانی دیکەی ئەم نامیلکەیەدا ئاماژەیان پێ دەکەین. جێگەی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین، کە ئێستا لە وڵاتاندا جگە لە دەستوورو پەیڕەوی ناوخۆ، چەند یاسایەک هەن چوارچێوەی کاری ئەندامی پەرلەمان ڕێک دەخەن، بۆ نموونە: لە جەزائیر یاسایەک هەیە بەناوی یاسای ژمارە (16-12) ساڵی 2016 تایبەتە بەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی گەلی نیشتمانی جەزائیر. (پەرلەمان)، یاسایەکی دیکەش هەیە بەژمارە (16-10) تایبەت بە ڕێکخستنی کاروباری ئەنجومەنی نیشتمانی جەزائیر (پەرلەمان). سەرباری ئەو دوو یاسایەش، یاسایەکی تر هەیە بەژمارە (1)ی ساڵی 2001 کە تایبەتە بە ڕێکخستنی کاروبارەکانی خودی ئەندامی ئەنجومەنی گەلی نیشتمانی (پەرلەمان)ی جەزائیر.

لە عێراقیش جگە لە دەستووری هەمیشەیی عێراق و پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەران، دوو یاسای سەرەکیمان هەیە چوارچێوەی کاری ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانیان ڕێکخستووە، ئەوانیش (یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)، (یاسای ئەنجومەنی نوێنەران

و پێکهاتــەکانی). تەنانــەت لــە هــەرێمی کوردســتان بــۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان هەمان ڕێچکە گیراوەتەبەر، لەکاتێکدا دوو یاسای سەرەکیمان هەیە چوارچێوەی کاری ئەندامی ئەنجومــەنی پارێزگاکـانی هــەرێم ڕێـک دەخەن، ئـەوانیش (یاسـای ژمـارە 3ی سـاڵی 2009ی تایبـەت بـە ئەنجومـەنی پارێزگاکـان لـە هـەرێم) هـەروەها (یاسـای ژمـارە 4ی سـاڵی 2009ی تایبەت بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان).

لەوسۆنگەیەوە بەپێویستی دەزانم کە هـەموو ئەوبڕگـەو مـاددە پەرشـوبڵاوانەی کاروبـاری پەرلـەمانیان ڕێکخسـتووە لە یاسا جیاوازەکانی بەرکار لە هەرێم، کۆبکرێنـەوە لـە سێ یاســادا کە ئــەوانیش (یاســای هــەڵبژاردنی پەرلــەمانی کوردستان) و (یاسای پەرلەمانی کوردستان و پێکهاتەکانی) و (یاسای ئەندامی پەرلەمانی کوردستان)ن.

**پەیڕەوی ناوخۆ:** یەکێکی دیکە لە سـەرچاوە سـەرەکییەکانی ڕێکخســتنی کــاری ئەنــدامی پەرلەمــان پەیــڕەوی نـاوخۆی سـاڵی (2018)ی پەرلەمـانی کوردسـتانە، کە بە شــــێوەیەکی ورد و بەرفـــراوان کـــاری ئەندامانی پەرلەمانی ڕێکخستووە.

# سێیەم
# ڕێگاكانی بوون بەئەندامی پەرلەمان

بەتێپەربوونی کات گۆڕانکاری گەورە بەسەر شێوازی بوون بەئەندامی پەرلەماندا هاتووە، ئەگەر بەراوردی ئەورۆمان بکەین لەگەڵ سەرەتاکانی دەستپێکردنی کاری پەرلەمانی، ئەگەر شانشینی بەریتانیا وەک نموونە وەربگرین، کە بە لانکەی سەرهەڵدان و هاتنەدونیای سیستمی پەرلەمانی دادەنرێت لەجیهاندا، لە سەرەتای ژیانی پەرلەمانیدا لەو وڵاتە تەنها (پیاوانی کڵێسا، خانەدان و خاوەن زەویوزارەکان لەگەڵ فەرماندە سەربازییە شەڕکەرەکان) بەحوکمی پێگەکەیان، دەبوونە ئەندامی پەرلەمان، بەڵام لە ئێستادا گۆڕانکاری زۆر بەسەر شێواز و ڕێگاکانی بوونە ئەندامی پەرلەماندا هاتووە، بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ئاستی جیهان سێ شێوازی سەرەکی هەن بۆ بوون بەئەندامی پەرلەمان.

**یەکەم:** شێوازی هەڵبژاردن: ئەمڕۆ لە جیهاندا زۆرێک لە وڵاتان لە ڕێگەی سیستمە جۆراوجۆرەکانی هەڵبژاردنەوە ئەندامانی پەرلەمان هەڵدەبژێردرێن، هەرێمی کوردستانیش یەکێکە لەو هەرێمانەی کە بەشێوازی سیستمی لیستی کراوەی سنووردار و لە ڕێگەی دەنگدانی نهێنییەوە ئەندامانی پەرلەمانی

هەڵدەبژێردرێن هەروەک لە ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992 دا هاتووە[4].

**دووەم:** شێوازی دەستنیشانکردن: هەندێک لە وڵاتان بە تایبەتی شانشینەکان، تا ئێستاش شێوازی دیاریکردنی ئەندامی پەرلەمان لەرێگەی پادشاو میرەکانیانەوە پیادە دەکەن، بۆ نموونە قەتەر، میری قەتەر کۆی ئەندامانی پەرلەمان کە ژمارەیان (35) ئەندامە، دیاری دەکات. هەروەک لە ماددەکانی (43،4)ی یاسای بنەڕەتی ساڵی 1972ی قەتەردا ئاماژەی پێ کراوە) .(المیزان، البوابة القانونیة القطریة، 2019).

**سێیەم:** شێوازی تێکەڵ لە هەڵبژاردن و دەستنیشانکردن: ئەم شێوازەش تا ئێستا لە چەندین وڵات پیادە دەکرێت، بۆ نموونە میرنیشینە یەکگرتوەکانی ئیمارات، کە لە ماددەکانی (77،69،67)ی دەستووری ئەو وڵاتەدا، مافی داوە بە هەریەکە لە میرنشینەکان پشکی خۆیان لە ژمارەی ئەندامانی پەرلەمانی ئیتحادی دیاری بکەن و سەرپشکی کردوون لەوەی بەرێگەی هەڵبژاردن بێت یان دیاریکردن. (Anon, 2019).

---

(4)ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (1) ساڵی 1992ی هەموارکراو: هەڵبژاردن بەدەنگدانی نهێنی و راستەوخۆ بەپێی سیستەمی لیستی کراوەی سنووردار ئەنجام دەدرێت.

# چوارەم
# ئەرکەکانی ئەندامی پەرلەمان

به وردبوونەوە لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992 و هەروەها ژمارەیەک لە یاسا بەرکارەکانی دیکە و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، بۆمان روونـدەبێتەوە کە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ئەم ئەرکانەیان لە ئەستۆدایە:

**1. ئەرکی یاسادانان**

ئەرکەکانی ئەندامی پەرلەمان لەمیانەی پرۆسەی یاسادانان‌دا بەمشێوەیەی خوارەوە رێکخراون:

أ. پێشکەشکردنی پێشنیازی یاسا و بڕیار: ئەندامی پەرلەمان لە چوارچێوەی بڕگەی دووەم لە ماددەی(78)ی پەیڕەوی ناوخۆ، دەسەڵاتی پێشکەشکردنی پێشنیازی یاسا پیادە دەکات هەروەک بەمشێوەیە ئاماژەی پێکردووە"پێشنیازی یاسا یان بڕیار کە لانی کەم لەلایەن (10) ئەندامەوە پێشکەش دەکرێن".

ب. گفتوگۆی پرۆژەو پێشنیازی یاسا و بڕیار: ئەندامی پەرلەمان گفتوگۆی ئەو پرۆژە یاساو بڕیارانە دەکات

کە لەلایەن هەردوو دەســـــەڵاتی جێبەجێکـــــردن و دادوەرییەوە ئاراستەی دەکرێن، هەروەک لە بڕگەکانی یەکەم و سـێیەمی مـاددەی (78) لە پەیـڕەوی نـاوخۆ ئاماژەیان بۆ کراوە، سـەرباری ئەوەش گفتوگۆی ئەو پێشـــنیازی یاســـاو بڕیـــارانەش دەکـــات کە لەلایەن دامەزراوە فەرمییەکـانی دیـکەی هەرێـم ئاراسـتەیان دەکرێت هەروەک لە بڕگەی چوارەمی ماددەی (78)ی پەیـڕەو ئاماژەی پێ کراوە. هەرچی ماددەکانی (79، 80، 81، 82)[5]ی پەیـــــڕەوی ناوخۆشـــــە بەوردی

---

(5) مـاددەی (80) یەکەم: دوای تێڕوانینی پڕۆژە، یان پێشنیازەکە، لەلایەن دەسـتەی سـەرۆکایەتی و لیـژنەی یاسـاییەوە، ئەگەر دەرکەوت یەکێک لەو پێوەرانەی تێدا نییە کە لە ماددەی (79)ی ئەم پەیرەوەدا ،هاتووە، رەتـدەکرێتەوە و خوێنـدنەوەی یەکەمـی بـۆ ناکرێت. دووەم: لەکاتێکدا ئەنـدامانی پەرلەمـان، کە پێشـنیازی یاسـا یـان بڕیارەکەیـان پێشـکەش کـردووە، رای دەسـتەی سـەرۆکایەتی و لیـژنەی یاسـایی بۆیـان بـڕوا پێهێنەرنەبـوو، بـابەتەکە دەخـرێتە بەردەم پەرلەمـان بـۆ بڕیـاردان لەسەری. سێیەم: ئەگەر پێشنیازی یاسـا، یان بڕیارەکە، بە شێوەیەکی گشـتی، رەتنەکرایەوە، بەڵام دەسـتەی سـەرۆکایەتی و لیژنەی یاسـایی، تێبینییان لە سـەر پڕۆژە یان پێشنیازەکە هەبوو، لەو حاڵەتەدا بۆ ئەو ئەنـدامانەی پێشکەشـیان کـردووە دەگەڕێنـدرێتەوە، بـۆ رەچـاوکردنی تێبینییەکان و دووبارە پێشکەشکردنەوەی.

چوارەم: کاتێک پرۆژە، یان پێشنیازەکە، لە لایەن دەستەی سـەرۆکایەتی و لیـژنەی یاسـاییەوە، رەزامەنـدی لەسـەر دەدرێـت، لە یەکەم دانیشـتنی دوای رەزامەندییەکە، دەخرێتە بەرنامەی کارەوە. مـاددەی (81) یەکەم:

هەنگاوو ڕێکارەکانی پرۆسەی گفتۆگۆکردنی پڕۆژەو پێشنیازی یاساو بڕیارەکان دیاری دەکەن بۆ ئەو بابەتانەی کە لایەنە پەیوەندیدارەکان پێیان وایە پێویستیان بەرێکخستنی یاسایی یان هەموارکردنەوەی یاسایی هەیە، بەسەرنجدان لە دەقی ماددەی (79) کە تیایدا هاتووە"پێشنیازی یاسا و بڕیارەکان، کە لەلایەن ژمارەی پێوست لە ئەندامانەوە، پێشکەش دەکرێن، پێویستە شێوازی یاسادانان لەخۆ بگرن و لە ماوەی

---

هیچ پڕۆژە پێشنیازێک، وەرناگیرێت، ئەگەر هەمان ناوەڕۆکی هەبێت، لەگەڵ پڕۆژە پێشنیازێکی تر، کە لەژێر دەستی لیژنەی تایبەتمەند دایە بۆ راپۆرت نووسین. دووەم: ئەگەر لیژنە بۆی دەرکەوت، کە لە نێوان پرۆژە یاسا و پێشنیازی یاسا دژیەکی هەیە لە رووی بنەما بنەڕەتییەکانەوە، ئەوا لیژنە بەراپۆرتی تایبەت رای خۆی پێشکەشی پەرلەمان دەکات، ئەگەر هەریەکێکیان، لەڕووی بنەماوە پەسەندکرا، مانای رەتکردنەوەی ئەوەی ترە و دواتر لیژنە رێکاری یاسایی خۆی دەگرێتەبەر. سێیەم: پرۆژەیاسا، بە بنەما دادەنرێت، ئەگەر پێشنیازی یاسای تر، پێشکەشکراو لە رووی بنەماوە یەکبوون، بە مەرجێک پێشنیازی یاسا نەچووبێتە قۆناغی ڕاپۆرت نووسین.
چوارەم: ئەگەر پێشنیازی یاسا رەتکرایەوە، لە هەمان وەرزی یاساداناندا، پێشکەش ناکرێتەوە. ماددەی (82) یەکەم: لە هەر وەرزێکی یاساداناندا تەنیا لە مانگی یەکەمی وەرزی یاساداناندا، ئەندامانی پەرلەمان، دەتوانن پێشنیازی یاسا، پێشکەش بکەن. دووەم: تەنیا لەو حاڵەتەدا نەبێت کە دۆخێکی تایبەت بێتە پێش و پێویستیی بە یاسا، یان بڕیارێکی بە پەلە هەبێت و لەوبارەشدا دەستەی سەرۆکایەتی هەڵسەنگاندن بۆ پێویستیی و بە پەلەیی یاسا یان بڕیارەکە دەکات.

(14) چــوارده ڕۆژ، لە ڕێکەوتـــی پێشکەشــکردنیانەوە لەلایەن لێژنەی یاساییەوە بەهەماهەنگی لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی، بڕیاریان لەسەر دەدرێت لەسەر بنەمای گونجاندنیان لەگەڵ یەکێک لەم پێوەرانە:

**یەکەم:** هەبوونی بابەتێکی گشتی، کە پێویستی بەدەرکردنی یاسا، یان بڕیارێک بێت.

**دووەم:** هەبوونی بۆشاییەکی یاسایی.

**سێیەم:** ئەگەر کێشــە لە جێبەجێکردنــی یاســا هەبێــت و پێویستیی بە هەمووارکردنەوە بێت.

**چوارەم:** پێویستە لە دەرچوواندنی ئەو یاسا و بڕیارەدا، ڕەچاوی بارگرانی دارایی، لەسەر حکومەت بکرێت."

بۆمـــان دەردەکەوێـــت کە پرۆســـەی یاســـادانان لە پەیڕەوی نـاوخۆی پەسـندکراو لە سـاڵی 2018 جیـاوازی زۆری هەیە بە بەراورد لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆی پێشـوو، لە ڕێـگەی دانـانی چەنـدین پێـوەر و ڕێککـاری زانسـتی بـۆ پێشکەشـکردنی پێشـنیازی یاسـاو بڕیـار لەلایەن ئەنـدامانی پەرلەمــانەوە، ئەمەش وای کــردوە پەرلەمــان و پرۆســەی یاسادانان لەم خولەدا جۆرێک لە پلانـی یاسـادانان لە خـۆی بگرێت و پێشبینی دەکرێت لەو پاشاگەردانیە ڕزگار بێت کە خولەکانی پێشوو بەدەستیەوە گیرۆدە بووبوون.

ج. ڕەزامەنـدی دەربـڕین یـان ڕەتکـردنەوەی پێشـنیاز و پــرۆژە (یاســا و بڕیارەکــان): ئەنــدامی پەرلەمـــان

لەچوارچێوەی ماددەکانی (90، 91، 93)[6]ی پەیڕەوی ناوخۆ ئەو ئەرکە پیادە دەکات.

د. هەموارکردنی یاساو بڕیارە بەرکارەکان: هەروەک لە ماددەی 77 بڕگەی دووەم لە پەیڕەوی ناوخۆ ئاماژەی پێکراوە.

---

(6) ماددەی (90) یەکەم: دانیشتنی دەنگدان، لە سەر پڕۆژە، یان پێشنیازەکە، نابێت لە هەفتەیەک زیاتر، لە دوای دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم، تێپەڕ بکات. دووەم: ئەندام، لەو ماوەیەدا، دەتوانێت داوای بینینی داڕشتنەوەی کۆتایی، لە جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان و لیژنەی یاسایی و لیژنەی تایبەتمەند بکات. سێیەم: لە دانیشتنی دەنگداندا، ڕێ بە گفتوگۆ یان پێشکەشکردنی پێشنیازی تازە نادرێت. ماددەی (91) یەکەم: دەنگدان، لە سەر ناوی یاسا یان بڕیارەکە دەست پێدەکات، دواتر یەکە بە یەکەی ماددەکان و کۆتایی بە دەنگدان لە سەر هۆیەکانی دەرچوواندن، دواجار گشت یاسا یان بڕیارەکە دەنگی لەسەر دەدرێت. دووەم: لە کاتی بوونی زیاتر، لە یەک پێشنیاز، هەموو پێشنیازەکان، دەخرێنە دەنگدان، کامیان زۆرینەی دەنگی هێنا بە پەسەندکراو دادەنرێت. سێیەم: لە خستنەدەنگدانی رایەکاندا پێویستە ئەو رایەی دەخرێتە دەنگدان بەلایەنی کەم (3) سێ ئەندام پشتگیریی ڕایەکە بکەن، جگە لەو (2) دوو ئەندامەی بۆ ئاخاوتن دەکەونە ریزبەندی کۆتایی. ماددەی (93): یەکەم: یاسا و بڕیارەکان، بە زۆرینەی ژمارەی ئامادەبووان، پەسەند دەکرێن، جگە لەو حاڵەتانەی پێویستییان بەزۆرینەی تایبەت هەیە. دووەم: سەرۆک بە پێی ئەنجامی دەنگدان، بڕیاری پەرلەمان بە رەزامەندی، یان رەتکردنەوە لە سەر یاسا و بڕیارەکان رادەگەیەنێت.

ه.  بەرکارکردن و هەموارکردنی جێبەجێکردنی یاسا ئیتیحادییەکان: ئەندامی پەرلەمان  لە چوارچێوەی ماددەی (121) برگەی دووەم لە دەستووری هەمیشەیی عێراق کە تیایدا هاتووە"حکومەتی هەرێم مافی هەموارکردن و جێبەجێکردنی یاسای فیدرالی  لە هەرێمەکەدا هەیە ئەگەر ناکۆکییان دژ یەک لەنێوان یاسای فیدرالی و یاسای هەرێمدا هەبوو لەسەر بابەتێک کە لە سنووری ئەو دەسەڵاتانەدا نەبێت کە تایبەتن بەحکومەتی فیدرالی، هەروەها ماددەی (77)[7]بڕگەی سێیەم لە پەیڕەوی ناوخۆ ئەم ئەرکە پیادە دەکات".

و.  دانانی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، لە چوارچێوەی بڕگەی (8)[8] ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992.

## 2. ئەرکی نوێنەرایەتیکردن

ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە میانەی کاری پەرلەمانتاری خۆیدا پیادەی ئەم نوێنەرایەتیانە دەکات:

---

(7) ماددەی (77): مەبەست لە یاسادانان: سێیەم: بەرکارکردن یان هەموارکردنی کارپێکردنی یاسا فیدراڵیەکان.

(8)ماددەی (56) بڕگەی هەشتەم: دانانی پەیڕەی ناوخۆی و دیارکردنی میلاکات و بڕیاردان لەسەر بوجەکەی و دامەزراندنی کارمەندەکانی.

أ. نـــوێنەرایەتیکردنی گەلـــی کوردســـتان بەســـەرجەم پێکهاتــەکانیەوە، لەچوارچێــوەی مــاددەی ســێیەم[9] لە یاســای هەڵبژاردنــی پەرلەمــانی کوردســتان، هەروەهــا بڕگەی دووەم لە مـاددەی(2)[10] لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمان.

ب. نوێنـــەرایەتیکردنی پەرلەمـــانی کوردســـتان لە بـــۆنەو ئاهەنگە نیشتمانییەکان، لە چوارچێوەی بڕگەی حەوتەم لە ماددەی(18)[11] لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا.

ج. نوێنەرایەتیکردنی حزب یان قەوارە سیاسییەکەی لەناو پەرلەمانی کوردستان، لە چوارچێوەی بڕگەی دووەم لە مــاددەی (110) لە پەیـــڕەوی نـــاوخۆی پەرلەمانـــدا. بەوردبوونەوە لە دەقی بڕگەی دووەم لە مـاددەی 110 ی پەیـڕەوی نـاوخۆ، ئەوەمـان بـۆ روون دەبێـتەوە کە

(9) ماددەی سێیەم: ئەندامی پەرلەمان دەبێتە نوێنەری گەلی کوردستان ـ عێراق.

(10) مـاددەی (2): دووەم: پەرلەمـان، لە ژمـارەیەک ئەنـدام پێکـدێت، بەو پێـیەی، کە لە یاسـای هەڵبژاردنـی پەرلەمـانی کورسـتان ژمـارە (1)ی سـاڵی 1992ی هەمـوارکراودا هـاتووە و بەپێـی یاسـای هەڵبژاردنـی پەرلەمـــانی کوردســـتان هەڵدەبژێـــدرێن و نـــوێنەرایەتی ســـەرجەم پێکهاتەکانی گەلی کوردستان ـ عێراق دەکەن.

(11) ماددەی (18): حەوتەم: نوێنەرایەتیکردنی پەرلەمان، لە بۆنە و ئاهەنگە نیشـتیمانییەکاندا، دەشـێت جێگرەکـانی، یـان هەر ئەنـدامێکی تـر، بـۆ ئەوکارە ڕاسپێرێت.

ئەنـدامی پەرلەمــان کاتێـک لە فراکســیۆنەکەی خــۆی نەمێنیت یان بچێتە پاڵ فراکسیۆنێکی دیکە، سیفەتی ئەندامێتی لە دەست دەدات ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەنــــدامی پەرلەمـــان جـــگە لە نـــوێنەرایەتی خەڵکـــی کوردستان لە نێو پەرلەماندا، نوێنەرایەتی قەوارە یان حزبە سیاسییەکەشی دەکات.

### 3. ئەرکی نووسینەوەو پەسندکردنی دەستوور

بەشێوەیەکی گشتی ئەو وڵاتانەی رێچکەی دیموکراسی دەگرنەبەر بۆ دانانی دەستووری وڵات، دوو شێواز پیادە دەکەن بۆ نووسینەوەی دەستوورەکەیان:

شێوازی یەکەم

شێوازی دەستەی دامەزراندن (الجمعية التأسيسية):

لەم شێوازەدا کە بەمۆدیلی ئەمریکی ناسراوە، گەل دەستەی دامەزراندن (الجمعية التأسيسية) هەڵدەبژێرێت، دەستووری وڵات راستەوخۆ لەلایەن ئەو دەستەیەوە دەنووسرێتەوە و پەسەند دەکرێت.

شێوازی دووەم

شێوازی راپرسی:

ئەم شێوازە کە بە مۆدیلی فەرەنسی ناودەبرێت، پەرلەمان خودی خۆی یان لیژنەیەک پێکدەهێنێت بۆ نووسینەوەی دەستوورو دوای ئامادەکردنی رەشنووسەکە لەلایەن پەرلەمانەوە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت و دوای

پەسەندکردنی لەلایەن پەرلەمانەوە، دەخرێتە بەردەستی گەل تاوەکو لەڕێگەی راپرسییەوە پەسەندی بکەن یان رەتی بکەنەوە.

دیارە لەپرۆسەی نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی ساڵی (2005) عێراق شێوازی راپرسی هەڵبژارد، بۆیە دەبینین ئەنجومەنی نیشتمانی ئەوسا رۆڵی زۆری بینی لەپرۆسەی نووسینەوەو ئامادەکردن و پەسەندکردنی دەستووری هەمیشەیی عێراقی ساڵی (2005)، بە وردبوونەوە لە دەقی ماددەکانی (60) و (61) لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆقۆناغی گواستنەوە بەڕوونی ئەو راستیەمان بۆ بەرجەستە دەبێت[12].

[12] ماددەی(60): پێویستە کۆمەڵەی نیشتمانی ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەیی عێراق بنووسیت، ئەم کۆمەڵەیە ئەم بەرپرسیارێتیە بەچەندین ریگا ئەنجام دەدات، یەکێک لەو ڕێگایانە هاندانی (تشجیع) گفتوگۆتە لەسەردەستوورەکە لەڕێگای کۆبوونەوەگەلی ئاشکراو گشتی و خولاوخول لە هەموو لایەکی عێراقداو لەریگای دەزگاکانی ڕاگەیاندنیشەوە. پێشنیازیش لە هاوولاتیانی عێراق لەکاتی نووسینەوەی دەستوورەکەدا وەردەگرێت.

ماددەی(61): 1. پێویستە لەسەرکۆمەڵەی نیشتمانی ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەیی بنووسێت لە ماوەیەکدا، ئەوپەڕی لە (15)ی ئابی (2005) نەترازێت.
2.رەشنووسی دەستوورە هەمیشەییەکە دەخرێتە بەردەستی گەلی عێراق بەڕیفراندۆمێکی گشتی تا رەزامەندی لەسەربدەن. لەماوەی پێش ڕیفراندۆمەکەدا، رەشنووسی دەستوورەکە بڵاودەکرێتەوەو بەشێوەیەکی فراوان دابەش دەکرێت بۆ هاندانی گفتوگۆیەکی گشتی لەسەر دەستوورەکە لەنێوان ڕۆڵەکانی گەلدا.
3.ڕیفراندۆمی گشتی سەردەکەوێت، ڕەشنووسی دەستوورەکەش پەسەند دەکرێت، کاتێک زۆرینەی دەنگدەران لەعێراقدا ڕەزامەندی لەسەر دەدەن، بەمەرجێک دوو لەسەر سێی دەنگدەران لەسێ پارێزگا یان زیاتردا نەیدەنە دواوە (رەتی نەکەنەوە).

هــەرێمی کوردســتانیش لــە رابــردوودا دوو ئــەزموونی نووســینەوەو ئامــادەکردنی پـڕۆژەی دەسـتووری هــەبووە هــەمان شـێوازی پیــادەکردووە، بۆیــە دەبینــین پەرلــەمانی کوردستان رۆڵی گرنگی بینیوە لـە پرۆسـەی نووسینەوە و ئامــادەکردن و پەســەندکردنی پڕۆژەکــانی دەســتووری هــەرێمی کوردســتان بێگومــان لە داهاتووشــدا پێشــبینی دەکرێت هەمان رۆڵ ببینێت.

دەکرێت رۆڵی پەرلەمانی کوردستان لە رابردوودا لـەبواری دەستوورسازی بەم شێوەیەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

أ. دانـــان و دەستنیشـــانکردنی ئەنـــدامانی لیـــژنەی نووســـینەوەی پـــرۆژەی دەســـتووری هەرێمـــی کوردســتان، لەچوارچێـوەی بـڕگەی یەکەم مـاددەی (2)[13] لەیاسـای ژمـارە (4)ی سـاڵی 2015، یاسـای ئامــادەکردنی پــرۆژەی دەســتووری کوردســتان - عێراق بۆ راپرسی.

ب. پەســـندکردنی پـــرۆژەی دەســـتووری هەرێمـــی کوردستان، لەچوارچێوەی ماددەی (5)[14] لە یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2015.

---

(13) مـاددەی (2): یەکەم: لیـژنەیەک بەزۆرینـەی رەهـای دەنگـی ئەنـدامانی پەرلەمــان هەڵــدەبژێردرێت کە دەکرێــت ئەنـدامی پەرلەمــان بـن، یــان لەدەرەوەی پەرلەمـان، بەمەرجێـک پسـپۆر یـان خـاوەنئەزموون بـن و رێژەی ژنان و نوێنەرایەتی پێکهاتە نەتەوەییەکان لەخۆ بگرێت.

(14) ماددەی (5): کۆی پرۆژەکە بەرەزامەندی لانی کەم (3/2) ی ژمـارەی ئەندامانی پەرلەمان پەسند دەکرێت.

ج. لەدوای دەرچوونیشـــــی بێگومـــــان ئەرکـــــی هەموارکردنیشـــــی دەکەوێـــــتە ئەســـــتۆ، هەروەک لەپـــرۆژە دەســـــتووری ســـــاڵی 2009 مـــــاددەی (120)[15] برگەی دووەمدا هاتووە.

## 4. ئەرکی دارایی

بەپشـــــت بەســـــتن بەحـــــوکمی ماددەکـــــانی (98 تـــاوەکو106)[16]ی پەیـــڕوی نـــاوخۆ، ئەنـــدامی پەرلەمـــان

(15) مـاددە (120): دووەم: سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان و ئەنجـومەنی وەزیران پێکەوە، یان سێییەکی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان بۆیان هەیە پێشنیاری هەموارکردنی دەستوور بکەن.

(16) مـــاددەی (99): دەســـتەی ســـەرۆکایەتی، لە نزیکتـــرین دانیشـــتنی پەرلەمانـدا، پـاش گەیشـتنی پـرۆژەکە، لەلایەن حکـومەتەوە، پـرۆژەکە ئاراستەی لیژنەی دارایی و کاروباری ئـابووری و ئەندامانی پەرلەمـانی دەکات. ماددەی (100) هەر لیژنەیەک لەڕێی دەستەی سـەرۆکایەتییەوە تێبینییەکـانی خـۆی، دەربـارەی ئەو بەشـەی پەیوەسـتە بە تایبەتمەنـدی خۆیەوە لە نێو پرۆژە بودجەی گشتی و ژمێرەی کۆتـایی و لەمـاوەی (10) دە ڕۆژدا، دەداتە لیـژنەی دارایـی و کاروبـاری ئـابووری. مـاددەی (101) یەکەم: لەسـەر لیـژنەی دارایـی و کاروبـاری ئـابووری پێویسـتە، ڕاپۆرتی بودجە و ژمێرەی کۆتایی خۆی، دەربارەی پرۆژەکە لە ماوەی لە (21) بیست ویەک رۆژ، دوای گەیشتنی ڕاپۆرتی لیژنەکان، پێشکەش بە دەستەی سەرۆکایەتی بکات. دووەم: پێویستە دەستەی سەرۆکایەتی، لە یەکەمـین دانیشـتن لەدوای گەیشـتنی، راپـۆرتەکە بخـاتە بەرنـامەی کـارەوە. سـێیەم: ئەگەر ئەو مـاوەیە بەسـەرچوو، لیـژنەکە نەیتـوانی ڕاپـۆرت پێشـکەش بکـات، دەسـتەی سـەرۆکایەتی، دەتوانێت مـاوەیەکی

تـری پـێ بـدات لە (10) دە ڕۆژ تێـپەڕ نەکـات، ئەگەر لەو ماوەیەشـدا، ڕاپــۆرتی پێشــکەش نەکــرد، بە پشــت بەســتن بە ڕاپــۆرتی لیــژنە پەرلەمانییەکان، دوای ڕێکخستنیان، لەلایەن لیژنەی یاساییەوە گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت. مــاددەی (102): یەکەم: ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری بەسەر ئەندامانداا دابەش دەکرێت و ناکرێت لەلایەن پەرلەمـانەوە دەسـت بە گفتوگـۆ بکرێـت بەر لە تێپەڕبـوونی (48) چـل وهەشت کاتژمێر بەسەر دابەشکردنیدا. دووەم: ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و کاروبــاری ئــابووری، کــۆکەرەوەی ســەرجەم ڕاپــۆرتی لیــژنە پەیوەندیـدارەکان و رای کۆتـایی لیـژنەی دارایـی و ئـابووری دەبێـت. مــاددەی (103): یەکەم: پەرلەمــان، دەتوانێـت تەرخـانکراوی پـڕۆژەی بـودجە هەڵبوەشـێنێتەوە، یـان کەمـی بکـاتەوە، یـان لە مـاددەیەک بـۆ ماددەیەکی تر، یان لە بەشێک بۆ بەشێکی تر، یان لە دەروازیەک بۆ دەروازەیەکــی تــر بیگــوازێتەوە. دووەم: پێشــنیازی زیــادکردنی تەرخـانکراوی پـڕۆژە بـودجە، یـان هێنانەکـایەی تێچـووی نـوێ، یـان کەمکردنەوەی داهاتەکـان، پەسند ناکرێت، تەنیا لەو بارەوە نەبێت کە، پەرلەمـان بتوانێت، بـڕوا بە حکـومەت بهێنێت. مـاددەی (104): یەکەم: وەزیـری پەیوەندیـدار، ڕاپۆرتی حکـومەت، سـەبارەت بە پرۆژە یاسـای بـودجە دەخـاتەڕوو، پاشــان لیـژنەی دارایـی و کاروبـاری ئـابووری، ڕاپـۆرتی هاوبەشــی لیژنەکـانی پەرلەمــان، پێشـکەش دەکـات. دووەم: ڕاپۆرتەکان، بە شێوەیەکی گشتی، گفتوگۆییـان لەبارەوە، دەکرێت پێش چوونەســەر گفتوگــۆکردن لەبــارەی دەروازەکــانی پـڕۆژە بـودجە و بڕیاردان لە بەندەکانی، هەر ئەندامێک دەتوانێت بۆ ماوەیەک لە (10) دە خولەک تێپەڕ نەکات، بە شێوەیەکی گشـتی گفتوگۆ لەسـەر ڕاپۆرتەکـان بکــات. مــاددەی (105): یەکەم: لیــژنە، (بەشــەکانی) پــڕۆژە بــوودجە دەخـاتەڕوو، بـۆ گفتوگـۆکردن و بڕیـاردان لەسـەریان، مـاددە بە مـاددە. دووەم: هەر ئەندامێک دەتوانێت لەسـەر هەر مـاددەیەک بۆ مـاوەیەک لە

هەڵدەستێت بەپیادەکردنی ئەرکی بەشداریکردن لەدارشتنی سیاسەتی گشتی ئابووری هەرێم لەرێگەی گفتوگۆو پەسندکردنی برگەکانی یاسای بودجەو ژمێرەی کۆتاییەوە.

ماددەی (98)ی پەیڕەوی ناوخۆ، ئەنجومەنی وەزیران ناچار بەناردنی پرۆژەی بودجە دەکات بەمشێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: لەسەر ئەنجومەنی وەزیران پێویستە، لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی هەموو ساڵێک و بەر لەساڵی دارایی، بە مەبەستی گفتوگۆ، پڕۆژە بودجە بۆ پەرلەمان بنێرێت.

دووەم: لەسەر ئەنجومەنی وەزیران پێویستە، لە کۆتایی مانگی نیسانی هەموو ساڵێکدا، ژمێرەی کۆتایی ساڵی پێشوو، بۆ پەرلەمان بنێرێت.

سێیەم: ئەگەر پڕۆژە بودجە و ژمێرەی کۆتایی، لەو رێکەوتەی لەبڕگەی (یەکە م و دووەم)دا ، دیاریکراوە نەگەیشتە پەرلەمان، پەرلەمان داوای ڕوونکردنەوە، لەوەزیری دارایی دەکات، ئەگەر هۆکاری گونجاو هەبوو ماوەیەکی پێدەدات کە لە (15) پازدە ڕۆژ تێپەڕ نەکات.

---

(3) خولەک تێپەڕنەکات، گفتوگۆ بکات. ماددەی (106): دەنگدان، بەپێی ماددەی (91)ی ئەم پەیڕەوە دەبێت.

ماددەکانی (99) تا (106)[17] ی پەیڕەویش بەشێوەیەکی ورد هەنگاوو ڕێکارەکانی پەسندکردنی پڕۆژەی بودجە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە ڕێک دەخەن.

## 5. هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی کەسانێک بۆ پۆستە باڵاکان

ئەندامی پەرلەمان لەچوارچێوەی یاسا بەرکارەکان و پەیڕەوی ناوخۆدا ئەم ئەرکە بەم شێوەیەی خوارەوە پیادە دەکات:

أ. هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، لە چوارچێوەی ماددەی (14)[(18)]ی پەیڕەوی ناوخۆدا.

---

[17] هەمان سەرچاوە.

(18)ماددەی (14): پەرلەمان، بە زۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامان و بە دەنگدانی نهێنی و راستەوخۆ، دەستەی سەرۆکایەتی، بەپێی ئەم رێکارانە هەڵدەبژێرێت:یەکەم: سەرۆکی یەکەم دانیشتن، دەرگای خۆپاڵاوتن، بۆ پۆستەکانی دەستەی سەرۆکایەتی، دەکاتەوە.دووەم: داوا لە پاڵێوراوان دەکات، کە خۆپاڵاوتنیان رابگەیەنن و دواتر دەرگای خۆپاڵاوتن دادەخات و پرۆسەی هەڵبژاردن دەستپێدەکات.سێیەم: بەپێی پیتەکانی (ئەلفبێ)ی کوردی، داوا لە ئەندامان دەکات، بۆ پۆستەکانی دەستەی سەرۆکایەتی، بەجیا دەنگ بە پاڵێوراوەکان بدەن.چوارەم: ئەندام، ناوی پاڵێوراوی خوازیاری خۆی، بۆ هەریەک لە پۆستەکان، لەسەر پسوولەیەکی تایبەت بەو هەڵبژاردنە دەنووسێت و بەدەستی خۆی دەیخاتە ناو سندوقی تایبەت بەو پۆستە.پێنجەم: سەرۆکی یەکەم دانیشتن کۆتاییهاتنی پرۆسەی دەنگدان ڕادەگەیەنێت و داوا لە

ب. پـاڵاوتن ودیـاریکردنی سـەرۆکی دیـوانی چـاودێری، لەچوارچێـوەی مـاددەی (5) لە یاسـای ژمـارە (2)ی ساڵی 2008[19].

---

دووڵاوتـرین ئەنـدام دەکـات، بـۆ جیـاکردنەوەی دەنگەکـان، بە سەرپەرشتی خۆی.شەشەم: ئەگەر ژمارەی دەنگەکانی دوو ڕکابەر، یان زیـاتر، بـۆ هەریەک لە پۆستەکان یەکسـان بـوون، پرۆسـەی دەنگدان دووبارە دەکرێتەوە، ئەگەر دیسان ژمارەی دەنگەکان یەکسان بوون، بە تیروپشـک پۆسـتەکە، بـۆ یەکێـک لە پاڵێوراوەکـان، یەکـلا دەکرێـتەوە.حەوتەم: ئەگەر، بـۆ هەریەک لە پۆسـتەکان، تەنیـا یەک پاڵێوراوی بێ ڕکابەر هەبوو، سەرۆکی یەکەم دانیشتن، ڕاستەوخۆ بە ناولێنـان، پـاڵێوراوەکە، بـۆ پۆسـتەکە بە سـەرکەوتوو، ڕادەگەیەنێت.هەشتەم: سەرۆکی یەکەم دانیشتن، ئەنجامی دەنگدان، بۆ ئەنـدامان ئاشـکرادەکات و داوا لە دەسـتەی سـەرۆکایەتی هەڵبژێـرراو دەکات، بچنە جێگەی تەرخانکراوی خۆیان.

(19)ماددەی (5):سەرۆکی دیوان بەمەرسوومێک کە لەسەرۆکایەتی هەرێم دەردەچـێ دادەمەزرێـت و لە سـەر پـاڵاوتنی ئەنجـومەنی نیشـتمانیی کوردستان – عیراق و بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی و بەپلەی وەزیر دەبـێ و هەمـوو مـاف و ئیمتیـازاتێکی وەزیریشـی هەیە، سـەبارەت بە مـووچەو دەرمـاڵەو خانەنشـینی و خـزمەت و دەسـتەڵاتی وەزیـری داراییشـی دەبێ لەوەی کە پەیوەندیی بە کاروباری دیوان و میلاک و بودجەوە هەیەو ماوەی سەرۆکایەتیەکەی (4) ساڵەو شایانی دووبارە بـوونەوەی بـۆ یەک جـار بەرەزامەنـدی زۆریـنەی دەنگـی ئەنـدامانی ئەنجـومەنی نیشـتمانیی کوردسـتان – عیـراق هەیەو، نـابێ لەمـاوەی سەرۆکایەتیەکەی بەبێ ڕەزامەندی دوو لەسـەر سێی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عیراق لابدرێ.

ج. هەڵبژاردنی سەرۆکی دەستەی نەزاهە، لەچوارچێوەی ماددەی (6)[20] بڕگەی یەکەم لەیاسای ژمارە (3)ی ساڵی 2011.

د. هەڵبژاردنی کۆمسیارانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی، لەچوارچێوەی ماددەی (5) لە یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2014[21].

ە. هەڵبژاردنی ئەندامانی بەڕێوەبردنی سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی وگازییەکان، لەچوارچێوەی ماددەی

---

(20)ماددەی (5):یەکەم: پەرلەمان هەڵبژاردنی سەرۆکی دەستە بە دەنگدانی نهێنی بەزۆرینیە دوولەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان لەنێو سێ کاندیددا دەگرێتە ئەستۆ، کەئەنجومەنی دادوەری لەهەرێمدا کاندیدیان دەکات. هەلبژێردراو بەمەرسومێکی هەرێمی و بەپلەی وەزیر دادەمەزرێت. لەحالەتی سەرنەکەوتنی یەکیک لە کاندیدەکان بە دوولەسەرسێی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان هەلبژاردن لەنێوانی ئەو دوو کاندیدەی کەزۆرینەی دەنگیان بەدەست هێناوە، دووبارە دەکرێنەوە، سەرکەوتووش ئەوەیە کە دوولەسەرسێی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان بەدەست دەهێنێت.

(21)ماددەی (5):کۆمسیۆن پێکدێت لە:یەکەم: ئەنجومەنی کۆمسیاران: لە (9) نۆ ئەندام پێکدێ، کە لەلایەن پەرلەمانەوە بەزۆرینەی رەهای ئەندامانی هەڵدەبژێردرێن، دوای ئەوەی لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتەوە کە پەرلەمان پێکیدەهێنێ پێشنیاز دەکرێن، بەمەرجێک دوو ئەندامی ئەنجومەن بەلانی کەمەوە یاساناس بن، هەروەها دەبێ نوێنەرایەتی ئافرەتان و پێکهاتەکان مسۆگەر بکرێ و ماوەی کارکردنی ئەنجومەنەکەش (5) پێنج ساڵی ڕۆژ ژمێرییە.

(5)[22] بــڕگەی دووەم لەیاســای ژمــارە (2)ی ســاڵی 2015.

## 6. ئەرکی سیاسی

ئەنــدامی پەرلەمــانی کوردســتان لە میــانەی کــاری پەرلەمانی خۆیدا کۆمەڵێک ئەرکی سیاسی گرنگ و کاریگەر پیادە دەکات، بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ. دەستنیشــانکردن (ناونــان)ی ســەرۆکی دەســەڵاتی جێبەجێکـــردن، لەچوارچێـــوەی بـــڕگەی (3) لە ماددەی (56) لە یاسای ژمارە(1)ی ساڵی 1992. کەتیایدا هاتووە"بڕگەی سێیەم: دەستنیشانکردنی ســەرۆکی دەســەڵاتی جێبەجێکــردن، کە ئەویــش دەســــــەڵاتی دەستنیشـــــانکردنی ئەنـــــدامانی دەســەڵاتەکەی هەیە لەنێوان ئەنـدامانی پەرلەمــان یان کەسانی تردا."

(22) ماددەی (5) دووەم: ئەندامانی دەستە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پــاش پەســەندکردنیان بەزۆریــنەی ڕەهــای ئەنــدامانی پەرلەمــان بــۆ مـاوەیەک کە زیاترنەبێت لە (4) چوار ساڵ دادەمەزرین و شیاون بۆ یەکجــار نــوێکردنەوە بەهەمــان ڕێکــارە باســکراوەکان و ئەوانەی ئەو وەزیفەیـــان پڕکـــردۆتەوە پـــاش تەواوبـــوونی مـــاوەی دیـــاریکراو دەگەڕێنــدرێنەوە ســەرکارەکانی پێشــوویان بەر لە ئەســتۆگرتنی ئەم وەزیفانە.

ب. متمانەبەخشـــین و لێســـەندنەوە لەدەســـەڵاتی جێبەجێکـــردن، لەچوارچێـــوەی بـــڕگەی (4) لە مـــاددەی (56) کە تیایـــدا هـــاتووە "متمـــانەدان بەدەســـەڵاتی جێبەجێکردن،یـــان لێســـەندنەوەی. "برگەی (2) لە ماددەی(54) لە یاسای ژمارە (1)ی ســـاڵی(1992) کە تیایـــدا هـــاتووە "چـــواریەکی ئەندامانی پەرلەمان بۆیان هەیە داواکاری هۆکار پێشکەش بکەن بۆ بڕوا لێسەندنەوە لە ئەنجومەنی جێبەجێکردن،یـــان یەکێـــک لە ئەنـــدامەکانی، پەرلەمـــانیش تـــا مـــاوەی حەوت ڕۆژ لەمێـــژووی پێشکەشکردنیەوە تێنەپەڕێت وتوویژ لەسەر ئەم داواکارییە ناکات، دوای دوو ڕۆژ لەوتوویژ، ئینجا دەنگی لەسەر دەدرێت."

هەروەهـــا ماددەکـــانی (74، 75، 76)[23] لەپەیـــڕەوی ناوخۆ بە هەمان شێوە ئاماژە بە ڕێکارەکانی لێسەندنەوەی

---

(23) مـــاددەی (74): یەکەم: لێســـەندنەوەی متمـــانە دروســـت نابێـــت بەبێ ئەنجامدانی پرۆسەی پرساندن، چ بە ئامادەبوونی پرسێندراو بێت یان بە ئامـــــادەنەبوونی. دووەم: ئەگەر وەڵامـــــی پرســـــاندنەکە بـــــڕوا پێهێنەرنەبوو، بۆ پرسێنەر، دەتوانێت پێشنیازی لێسەندنەوەی متمانە بکات، بە ڕەزامەندیی زۆرینەی ئامادەبووان. سێیەم: پێش دەنگدان، لەسەر لێسەندنەوەی متمانە، سەرۆک ڕێگا دەدات بە ئاخاوتن لەسەر ئەم بابەتە، بە (2) دوو ئەندام لەوانەی داوای لێوەرگرتنەوەی متمانە دەکەن و (2) دوو ئەنـــدامیش لەوانەی دژی لێســـەندنەوەی متمـــانەن.

متمـــانه دەكەن لە ســـــەرۆك و ئەنـــدامانی دەســــەڵاتی جێبەجێكردن وسەرۆكی كۆمسیۆن ودەستە سەربەخۆكان.

جـێگەی خـۆیەتی ئامـاژە بەوە بكەیـن كە پەرلەمـان لەمیـانەی خـولی سـێیەمیدا دەستنیشـانی جێگـری سـەرۆكی هەرێمی كردووە ئەویش بەپێی بڕیـاری ژمـارە(٥) ی سـاڵی (٢٠١٢) كەتیایدا هاتووە:

یەكەم: بڕیـاردان لەسەردەستنیشـانكردنی بەڕێـز (عەبـدوڵڵا ڕەسول عەلـی) ناسـراو بە (كۆسـرەت رسـول عەلـی) بۆ پۆستی جێگـری سـەرۆكی هەرێمـی كوردسـتان – عێراق، هەروەها بەپێی ماددەی شـانزەیەم لەیاسـای ســەرۆكایەتی هەرێــم ژمــارە (١)ی ســاڵی (٢٠٠٥)،

---

چـوارەم: سـەرۆک وەزیـران، بە متمـانە لێسـەندراو هەژمـار دەكرێـت، ئەگەر زۆریـنەی (3/2) دوو لەسـەر سـێی ئەنـدامان بـۆ لێسـەندنەوەی متمـانە دەنگیـان دا. پێـنجەم: ئەنـدامی ئەنجـومەنی وەزیـران بە متمـانە لێســەندراو هەژماردەكرێـت، ئەگەر زۆریـنەی رەهــای ئەنـدامان بـۆ لێسەندنەوەی متمانە دەنگیان دا. شەشەم: بابەتی لێسـەندنەوەی متمـانە، لە ماوەیەكدا، كە لە (5) پێنج رۆژ زیـاتر نەبێت، لە رۆژی پرسـاندنەوە ئەنجـام دەدرێـت .مـــاددەی (75): ئەگەر پرسـاندن بە وەرگـرتنەوەی متمـانە، لە سـەرۆک وەزیـران كۆتـایی پێهـات، ئەوا كـابینەی حكـومەت، بەدەسـت لەكاركێشـاوە هەژماردەكرێت و وەک حكـومەتی كـاربەڕێكەر بەردەوام دەبێت، تا ئەو كاتەی بەپێی یاسا كارپێكراوەكان،كابینەی نـوێ پێكـدەهێنرێت. مـــاددەی (76): هەمـــوو رێكارەكـــانی چـــاودێریكردنی پەرلەمـان، بـۆ سـەرۆک وەزیـران و ئەنـدامانی ئەنجـومەنی وەزیـران، سەرۆكی كۆمیسیۆن و دەستە سەربەخۆكان، دەگرێتەوە.

دەسەڵاتی کۆتاییهێنانی ماوەی سەرۆکایەتی هەرێم دراوە بە ئەنـــدامانی پەرلەمـــان لەم حاڵەتـــانەی خوارەوە:

1. ئەگەر سەرۆکی هەرێم خۆی داوای ئەوە بکات.
2. نەتوانێت، لەبەر هەر هۆیەک بێت ئەرک و فرمانەکان هەڵسورێنێت.
3. بەلانـــی کەمەوە (4/3)ی ئەنـــدامانی پەرلەمـــانی کوردســـتان - عێـــراق لە دەنگـــدانێکی نهێنیـــدا، لەمتمانەی بخەن. (بەزاز: 2013: 19)

ج. بڕیـــاردان لەســـەر رێککەوتنەکـــان و بڕیـــارە چارنووسسازەکانی هەرێمی کوردستان و دیاریکردنی پەیوەندی یاسایی لەگەڵ ناوەند، لە چوارچێوەی بڕگەی (2) لە مـــاددەی (56)، لە یاســـای ژمـــارە (1)ی ساڵی(1992)[24]، هەروەها بڕگەی یەکەم لە ماددەی

(24) مـــاددەی (56): دووەم: بڕیـــاردان لەســـەر ڕێککەوتنەکـــان و، یەکلاکردنەوەی کێشە چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستان ـ عێراق، دیارکردنی پەیوەندیی یاسایی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی (مەرکەزی).

(2) پەیـڕەوی نـاوخۆ[25]. هەروەهـا مـاددەی یەکەم و ماددەی سێیەم لە بڕیاری ژمار(1)[26] ساڵی 2005.

د. خستنەڕووی بابەتی گشتی بۆ گفتوگۆ، لەچوارچێوەی ماددەکانی (67،66)ی پەیڕەوی ناوخۆ[27].

---

(25) مـاددەی (2): یەکەم: پەرلەمـان لە هەرێمـدا، بـالاترین دەسـەڵاتی یاسـادانان و چـاودێریکردنە، مەرجەعـی سیاسـی و یاسـاییە و ئەو دەسـەڵاتانە پیـادە دەکـات، کە لەم پەیـڕەوە و لە یاسـا کـارپێکراوە پەیوەندیدارەکاندا ئاماژەیان پێ دراوە.

(26) بڕیارێک لە پەرلەمانی کوردستانەوە بە ژمارە (1) لە (2005/7/5) دا دەرچووە کە: پەرلەمان خۆی دەبێتە مەرجەعی سیاسی و دەستووری بۆ یەکلاکردنەوەی مەسەلەکانی چارەنووسی گەلی کوردستان ـ عێراق و دیاریکردنی پەیوەندی دەستووری لەگەڵ دەسەڵاتی فیدڕالی کۆماری عێراق، ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بە ژمارە (58) لە 2005/12/29 دا بڵاوکراوەتەوە.

(27) مـاددەی (66): یەکەم: (10) دە ئەنـدام، دەتـوانن، داوایەک پێشکەشـی دەستەی سەرۆکایەتی بکەن بۆ ئەوەی بابەتێکی گشتی بخرێتەڕوو، بۆ گفتوگـۆ، لەنێـوان پەرلەمـان و حکومەتـدا، بـۆ بەدیهێنـانی بەرژەوەنـدی گشتی. دووەم: سەرۆک وەزیران، دەتوانێت داوا لە پەرلەمـان بکات، بۆ ئەوەی بابەتێک، بۆ گفتوگۆکردن بەئامـادەبوونی خـۆی، یـان یەکێک لە ئەنـدامانی ئەنجـومەنی وەزیـران بخـرێتەڕوو. سـێیەم: دەسـتەی سەرۆکایەتی دەبێت لە ماوەیەکدا کە لە (14) چواردە ڕۆژ تێپەڕ نەکات، وادەی ئەو دانیشـتنە دیـاری بکـات. چـوارەم: لەو دانیشـتنەی بـابەتێکی گشـتی، بـۆ گفتوگـۆکردن دەخـرێتەڕوو، پرسـاندن و لێسـەندنەوەی متمـانەی تێدا ناکرێت. پێنجەم: هەر ئەنـدامێک دەتوانێت بەشـداری، لە گفتوگـۆدا بکـات. شەشـەم: حکـومەت، دەتوانێت داوای دواخسـتنی ئەو دانیشـتنە بکـات، بـۆ مـاوەیەک، کە لە (7) حەوت ڕۆژ زیـاتر نەبێـت و بەهەماهەنگی لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی ڕۆژێکی تر دیاری دەکرێت. حەوتەم: پێویسـتە ئەو ئەنـدامانەی واژۆیـان کـردووە ئامـادەبن و

ه.  خســـتەڕووی بیـــرۆکە، لە چوارچێـــوەی خـــاڵی (2) لە بڕگەی یەکەم لە ماددەی (49)ی پەیڕەوی ناوخۆ[28].
و.  ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر جوڵاندنی هێزی پێشمەرگە بـــۆ دەرەوەی هەرێـــم، لە چوارچێـــوەی بـــڕگەی (یـازدەیەم) لە مـاددەی (10) لە یاسـای سـەرۆکایەتی هەرێم ژمارە(1)ی ساڵی(2005)[29].

---

دەسـتپێکی ئاخاوتنیـان پێبـدرێت. مـــاددەی (67): یەکەم: ئەگەر پـێش دیاریکردنی کاتی دانیشتنەکە، هەموو یان زۆرینەی ئەندامان داواکەیان کشـاندەوە، سـەرۆک داواکەیـان بەلاوە دەنێت. دووەم: ئەگەر دەسـتەی سەرۆکایەتی، لەخستنەڕووی ئەو بابەتە گشتییە بۆ گفتوگۆ رازی نەبوو ئەو ئەنـدامانەی واژۆیـانکردووە، پێـداگرییان کـرد، بـابەتەکە دەخـرێتە بەردەم پەرلەمـان بـۆ یەکلاییکـردنەوە. سـێیەم: دەکرێـت لە ئەنجـامی، خسـتنەڕووی بـابەتێکی گشـتی بـۆ گفتوگـۆ، دەسـتەی سـەرۆکایەتی، بـابەتەکە ئاڕاسـتەی لیـژنەی پەیوەندیـدار بکـات، بـۆ ئەوەی راپـۆرتی تایبەت لەبارەیەوە، ئامادە بکات، دواتـر پەرلەمـان، بڕیـار و رێوشـوێنی پێویست بگرێتەبەر، یان دەکرێت لەو دانیشـتنەدا، پەرلەمـان راسـپاردەی پێویست دەربکات.

(28) مـاددەی (49): یەکەم: 1ـ هەر ئەندامێک، مافی هەیە لە مـاوەیەک کە لە (10) دە خولەک تێپەڕ نەکات، بیرۆکەیەک بەم مەرجانە بخاتەڕوو: أ ـ (48) چـل و هەشـــت کـــاتژمێر پـــێش دانیشـــتنی پەرلەمـــان، داوایەک پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی بکات. ب ـ بیرۆکەکە نوسـراو بێت. ت ــ ئەنـدام بەنـاوەرۆکی نووسـراوەکە پابەنـدە بێـت. پ ـ بیـرۆکەکە، بەکێشـەیەکی گشـتییەوە پەیوەسـت بێـت و پێشـنیاز و چارەسـەری لەخۆگرتبێت.

(29) مـاددەی (10): یـازدەیەم: سـەرۆکی هەرێـم بـۆی هەیە، بەرەزامەنـدی ئەنجـومەنی نیشـتمانی کوردسـتان- عێـراق، هێزەکـانی پێشـمەرگە بـۆ دەرەوەی هەرێم بنێرێت.

ز. گفتوگــۆو ڕەزامەنــدی دەربــڕین لەســـەر کارنــامەی حکومەتی هەرێم، لە چوارچێوەی عورفی پەرلەمانی و ڕاڤەی بەرفراوانی چەمکی (بەخشینی متمانە).

بە تێــڕوانین لە پەیــڕەوی نــاوخۆی وڵاتــان، ڕوون دەبێتەوە کە لە بابەتی متمانەبەخشین بەکارنامەی حکومەت لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، بۆشاییەکی گەورە هەیە، بۆ نموونە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ماددەی (49) زۆر بەڕێکوپێکی بابەتی متمانە بەخشینی ئەنجومەنی نوێنەرانی بۆ بەرنامەی چوار ساڵی حکومەتی لەچوار خاڵدا ڕێکخستووە، لە بڕگەی یەکەمی ماددەی (49) ئامــاژە بەوە دەکــات کە دەبێــت ســـەرۆکی ئەنجــومەنی ڕاسپێردراو وێڕای ناوی ئەندامانی کابینەکەی،کارنامەی حکومەتەکەشــی پێشــکەش بە پەرلەمــان بکــات، لە بــڕگەی دووەمــی هەمــان مــاددەدا هــاتووە: کارنــامەی حکــومەت ئاڕاســتەی لیــژنەیەک دەکرێــت بەســـەرۆکایەتی یەکێــک لە جێگرانــی ســـەرۆکی ئەنجــومەنی نــوێنەران بەمەبەســتی ئامــادەکردنی ڕاپۆرتێــک لە بــارەیەوە بــۆ خســتنەبەردەم دەنگدانی ئەندامان لە کۆبوونەوەی ئەنجومەن، لە بڕگەی سێیەمی هــەمان مــاددەدا هــاتووە: کابینــەی حکومــەت وا دادەنرێــت کــە متمانــەی پــێ بەخشــراوە، کاتێــک لەلایــەن زۆرینــەی ڕەهــای ئەنــدامانی ئەنجومــەنەوە، دانــە دانــەی وەزیرەکــان و کارنامــەی حکومــەت ڕەزامەندییان لــە ســەر دەدرێت.(Anon, 2018)

لەوەش زیــاتر دەســتووری ســاڵی (2016)ی جەزائیــر جـــگە لەوەی ســـــەرۆک وەزیرانــــی ناچــــارکردووە بە

پێشکەشکردنی پلانی کاری حکومەتەکەی بۆ ئەنجومەنی گەل بە مەبەستی گفتوگۆو رەزامەندی دەربڕین لەسەری، هەروەک لە ماددەی (94) دا هاتووە، لە ماددەی (95)دا سەرۆک وەزیرانی ناچار بەدەست لەکارکێشانەوە کردووە لە بارێکدا ئەگەر ئەنجومەنی گەل کارنامەی حکومەتی پەسند نەکرد. (Joradp.dz, 2018)

ح. ئەنجامدانی پەیوەندی دیپلۆماسی پەرلەمانی، لەچوارچێوەی ماددەکانی (119)، (124)ی پەیڕەوی ناوخۆ(30).

## 7. ئەرکی دادوەری

ئەندامی پەرلەمانی کوردستان کۆمەڵێک ئەرکی دادوەری پیادە دەکات بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ. دانانی ڕێسا بۆ تۆمەتبارکردن و دادگاییکردنی ئەندامەکانی لەکاتی شکاندنی ئەو سوێندەی کە خواردویانە، لە چوارچێوەی بڕگەی (10) لە ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992(31).

---

(30) ماددەی (119): پەرلەمان، دەتوانێت لەنێو ئەندامەکانیدا، شاند ڕەوانەی دەرەوەی هەرێم بکات و داوەتی شاندیش بکات بۆ سەردانیکردنی. ماددەی (124): دەکرێت پەرلەمان، گرووپی هەماهەنگی، لەگەڵ پەرلەمانتارانی عێراق و دەرەوەدا پێکبهێنێت.

(31) ماددەی (56): برگەی (10): دانانی ڕێسا (بنچینە) بۆ تۆمەتبارکردن و دادگاییکردنی ئەندامەکانی، لە کاتی شکاندنی ئەو سوێندەی کە خواردوویانە.

ب. پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە هەر کاروبارێک، لە چوارچێوەی بڕگەی (7) لە ماددەی (56) لەیاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992[32]، هەروەها ماددەکانی (43-46) لەپەیڕەوی ناوخۆ[33].

---

(32) ماددەی (56): بڕگەی (7): پێکهێنانی لیژنەی جۆربەجۆر بۆ لێکۆڵینەوە لە هەر کاروبارێکی بیەوێت.

(33) ماددەی (43): یەکەم: پەرلەمان، لیژنەی کاتی بەمەبەستی ئامادەکردنی ڕاپۆرت، سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو، لەسەر پێشنیاری دەستەی سەرۆکایەتی، یان (4/1)ی چواریەکی ژمارەی ئەندامان، بەدەنگی زۆرینەی ئامادەبووان لە کاتی پێویستدا پێکدەهێنێت. دووەم: دەستەی سەرۆکایەتی، لە دەرەوەی وەرزەکانی یاسادانانداـ دەسەڵاتی پێکهێنانی لیژنەی تایبەتیی هەیە. سێیەم: بابەتە تاوانکارییەکان و هەر بابەتێک، لەژێر تێڕوانینی دادگاکاندا بێت، نابێتە بابەتی لێکۆڵینەوەی لیژنە تایبەتییەکانی پەرلەمان. چوارەم: لەکاتی کارکردنی لیژنە، هەرئەندامێک نهێنی کاری لیژنە، بدرکێنێت ئەندامێتی لیژنە لەدەست دەدات. ماددەی (44): یەکەم: لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن پێویستە ئەرکی لیژنە تایبەتییەکان ئاسان بکات و بەڵگەنامە و زانیاریی داواکراویان پێشکەش بکات. دووەم: لیژنە تایبەتییەکان دەتوانن کاری بەدواداچوون و پشکنین و گەڕان بەدوای ڕاستییەکان، سەبارەت بە وردەکاری ئەو بابەتانەی بۆیان ڕاسپێردراون لە تەواوی دامەزراوە پەیوەندیدارەکاندا، ئەنجام بدەن، دەتوانن بۆ ئەو مەبەستەش پشت بە شارەزایان و ڕاوێژکاران ببەستن. سێیەم: 1. بەپێی ئەو ڕێوشوێنانەی لەم پەیڕەوەدا دەقنووس کراون، لیژنە تایبەتییەکان دەتوانن بەنووسراو داوای ئامادەبوونی هەرکەس و لایەنێک بکەن، بەمەبەستی ڕاوەرگرتن و گوێبیستبوونی وتەکانیان. 2. ئەگەر کەس و لایەنی بانگکراو بێ پاساو لەکاتی دیاریکراودا

ج. یەکلاکردنەوەی ئەو تانانەی کە پێشکەش دەکرێن لەبارەی دروستی ئەندامێتی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، لەچوارچێوەی بڕگەی (11) لە ماددەی پەنجاو شەشەم لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992[34]، هەروەها ماددەی (21) لە پەیڕەوی ناوخۆ، کە بەمشێوەیە باس لەدروستی و ئەندامێتی دەکات:

---

ئامادەنەبوو، ئەوا لیژنەی کاتی دەتوانێت لەڕێی دەستەی سەرۆکایەتییەوە، دەسەڵاتی جێبەجێکردن ئاگاداربکاتەوە، بە مەبەستی ئامادەکردنی داواکراو بەگوێرەی یاسای بنەما دادگەرییە سزاییە بەرکارەکان لە هەرێم. ماددەی (45): یەکەم: لیژنەی تایبەت، ڕاپۆرت و ڕاسپاردەکانی، ئاراستەی سەرۆک دەکات، دوای دابەشکردنی بەسەر ئەندامانـدا، ڕاپـۆرتەکە دەخـرێتە بەردەم پەرلەمـان، بەمەبەسـتی تـاوتوێکردن و وەرگرتنـی بڕیاری گونجاو لە بارەیەوە. دووەم: ئەگەر ڕاپۆرتەکە، لە نێوان دوو وەرزی یاسادانانـدا، ئاڕاستەی سـەرۆک کرا، ئەوا بەپێـی گرنگـی بـابەتەکە، دەستەی سـەرۆکایەتی، بڕیـار لەسـەر دواخسـتنی خسـتنەڕووی بـۆ وەرزی نـوێی یاسـادانان دەدات، یـان ئەنجامـدانی کۆبـوونەوەی نائاسـایی، بـۆ خسـتنەڕووی بـابەتەکە و بڕیـاردان لەسـەری. مـاددەی (46): کـاری لیـژنە تایبەتییەکـان، بەکۆتاییهـاتنی کـاتی دیـاریکراو، یـان ئەو ئەرکەی پێیـان سـپێردراوە، کۆتایی دێت.

(34)مـاددەی (56): برگەی (11): یەکلاکردنەوەی ئەو تانانەی کە پێشکەش کـراون لە بـارەی دروسـتیی هەڵبژاردنـی ئەنـدامەکانی، ئەنـدامێتیش بە زۆرینەی دەنگی دوو لەسەر سێی ئامادەبووان نەبێت، هەڵناوەشێتەوە.

**دروستیی ئەندامێتی**

**یەکەم:** مەبەست لە دروستیی ئەندامێتی، دڵنیابوونە لە باری یاسایی ئەندام، لەکاتی پێشکەشکردنی داواکاری، بۆ پاڵاوتنی، تا راگەیاندنی ئەنجامەکان و بوونی بە ئەندام، بەپێی ئەو مەرجانەی کە لە ماددەی (21) بیست و یەک لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراودا ئاماژەی پێدراوە.

**دووەم:** پەرلەمان، لەرێگەی هەڵبژاردنەوە لیژنەیەکی کاتی لەسەرەتای هەموو خولێکی هەڵبژاردن پێک دەهێنێت بۆ پێداچوونەوە بەو تانانەی پێشکەشکراون لە سەر دروستی ئەندامێتی، کە پێک دێت لە ژمارەیەک ئەندام کە لە (5) پێنج ئەندام کەمتر نەبێت و لە (7) حەوت ئەندام زیاتر نەبێت، بەمەرجێک لەنێوان ئەندامانی لیژنە، ئەندامانی تانەلێدەر یان تانەلێدراو لەسەر دروستی ئەندامێتی تێدا نەبێت، لیژنەکە لە یەکەم دانیشتنیدا سەرۆک و بریاردەرێک بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت و کارەکانی بەپێی ئەو حوکمە تایبەتییانەی کە بۆ لیژنەکانی پەرلەمان دانراون لەم پەیڕەوەدا بەرێوەدەبات.

**سێیەم:** هەموو ئەندامێک، مافی هەیە، تانە لە ئەندامێتی هەر ئەندامێکی تر بدات، هەر پاڵێوراوێک، لە لیستی

براوەدا، دەتوانێت تانە لە ئەندامێتی ئەندامی براوە لە لیستەکەی خۆی، لە پەرلەمان بدات و داوای پووچەڵکردنەوەی هەڵبژاردنی و دروستیی ئەندامێتییەکەی بکات.

**چوارەم:** تانەکان بەنووسین لە ماوەی وەرزی یاسادانانی یەکەمی پەرلەماندا، دوای هەڵبژاردن، پێشکەشی سەرۆک دەکرێن و ئەویش ئاڕاستەی لیژنەی پێداچوونەوە، بە دروستیی ئەندامێتیان دەکات.

**پێنجەم:** لیژنە، وێنەیەکی تانەکە، بۆ ئەندامی تانەلێدراو دەنێرێت، بۆ ئەوەی لەو ماوەیەی بۆی دیاری دەکەن، بەرگریکردن لە خۆی پێشکەش بکات، هاوکات دەتوانێت ئەو بەڵگانە ببینێت کە لە سەری پێشکەش کراون.

**شەشەم:** لیژنەکە پێداچوونەوە بە داوای تانەلێدان دەکات و دەتوانێت هەموو کۆنووس و بەڵگەکانی پەیوەست بە هەڵبژاردنی ئەندامی تانەلێدراو ببینێت و بانگهێشتی گەواهیدەر (شاهد) و کەسی شارەزا بۆ گەیشتن بەڕاستی بکات، هەروەها راپۆرتەکەی لە ماوەیەک لە (30) سی رۆژ زیاتر نەبێت لە رۆژی ناردنی داواکە پێشکەش دەکات، دواتر پەرلەمان دروستیی ئەندامێتی بە زۆرینەی (3/2)ی دوو لەسەر سێی دەنگی ئامادەبووان، یەکلا دەکاتەوە.

**حەوتەم:** لەکاتێکدا کە تانەکە جددی نەبوو، یان زانیاریی نادروستی لە خۆگرتبوو، بە ئامانجی لەکەدارکردنی، لیژنە راپۆرتێک بە سەرۆک دەدات، ئەویش دەتوانێت بە دادگای لێکۆڵینەوەی تایبەتی بدات، بۆ گرتنەبەری رێوشوێنی یاسایی بەرامبەر تانەلێدەر، هەروەها بۆ تانەلێدراو هەیە خۆی راستەوخۆ، ئەم رێوشوێنە بگرێتەبەر.

## 8. ئەرکی چاودێریکردن

ئەندامی پەرلەمان لە رێگەی چەند میکانیزمێکەوە ئەرکی چاودێریکردنی کارەکانی حکومەت پیادە دەکات بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ. **پرسیار:** لە چوارچێوەی ماددەکانی (58–65) لە پەیڕەوی ناوخۆ[35]. هەروەها بڕگەی (1) لە

(35)ماددەی (63): یەکەم: ئەندام، دەتوانێت لە هەر دانیشتنێکدا، کە بۆ پرسیاری زارەکی تەرخانکراوە، تەنیا یەکجار پرسیار ئاڕاستە بکات. دووەم: تەنیا ئەو ئەندامەی پرسیاری ئاراستەکردووە دەتوانێت یەکجار بەکورتیی بەدواداچوون (تەعقیب) لەسەر وەڵامی پرسیارلێکراو بکات. سێیەم: پرسیارلێکراو، دەتوانێت، بەکورتی و بۆ یەکجار لەسەر بەدواداچوونی ئەندامی پەرلەمان وەڵام بداتەوە. چوارەم: دەبێ ئەو ئەندامەی پرسیاری زارەکی دەکات، (48) چل وهەشت کاتژمێر، بەر لەدانیشتنی تایبەت، بۆ پرسیاری، زارەکی، ناوی خۆی و پوختەیەکیش لەو پرسیارە، بداتە جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان. پێنجەم:

مـاددەی پەنجـاو چـوارەم لە یاسـای ژمـارە (1)ی ساڵی(1992) ڕێکخراوە.

لەماددەی (58)ی پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە:

"ئەندام، دەتوانێت، پرسیاری نووسراو، یان زارەکیی لە ڕێی دەستەی سەرۆکایەتییەوە، بۆ سەرۆک وەزیران، یان ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران، بنێرێت، بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتێک کە دەکەوێتە چوارچێوەی پسپۆرییەکەیان یان بابەتێک کە ئەندام زانیاریی لەبارەیەوە نییە، یان دەیەوێت بەدواداچوونی لەبارەوە بکات، یان دەیەوێت ڕای حکومەت، لەبارەی بابەتێکەوە بزانێت."

هەروەک لە ماددەی (59)ی پەیڕەوی ناوخۆدا مەرجەکانی پرسیاری نووسراو بەمشێوەیە ڕوونکراونەتەوە:

---

ناکرێت لەکاتی پرسیاری زارەکی، لەهەمان دانیشتندا، پرسیار بۆ پرساندن بگۆڕدرێت. ماددەی (64): کاتی دیاریکراو، بۆ پرسیار و وەڵامی زارەکیی، بەم شێوەیە دەبێت: یەکەم: (2) دوو خولەک، بۆ پرسیار. دووەم: (3) سێ خولەک، بۆ وەڵامدانەوە. سێیەم: (3) سێ خولەک، بۆ بەدواداچوونی ئەو ئەندامەی پرسیاری کردووە. چوارەم: (3) سێ خولەک، بۆ وەڵامدانەوەی بەدواداچوونەکە.

**مەرجەکانی پرسیاری نووسراو**

1. دەبێت، پرسیار لە لایەن یەک ئەندام، یان زیاتر، پێشکەش کرابێت و ڕێکەوت و واژۆی لەسەر بێت و لە ڕێی سەرۆکەوە، ئاراستە کرابێت.
2. دەبێت، پرسیار ڕوون و پوخت بێت و مەبەستەکەی دیاریکراو بێت، تـوانج و ڕای تێدا نەبێت و لەکەداری کەسێتییەکان و دەستە و دامەزراوەکانی هەرێم نەکات.
3. نابێت بابەتی پرسیارەکە، لەبەردەم دادگادا، بێت.
4. دەبێت پرسیارەکە، لە تایبەتمەندیی ئەو وەزارەتە بێت، کە پرسیارەکەی ئاڕاستەکراوە.
5. نابێت پرسیارەکە، پێچەوانەی دەستوور و یاسا و بەرژەوەندیی گشتیی بێت و نابێت پێشتر وەڵام درابێتەوە.
6. ئەو بابەتانەی ئاڕاستەی لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان کراون، پرسیاریان لەبارەوە ناکرێت، تا لیژنە ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش دەکات، بە مەرجێک، لیژنە لە ماوەی (15) پازدە ڕۆژ، تێپەرنەکات ڕاپۆرتەکە ئامادە بکات.
7. ئەو پرسیارانەی، بۆ سەرۆک وەزیران و جێگرەکەی دەنێردرێن، دەبێت بە کارنامە و سیاسەتی گشتی حکومەت و جێبەجێکردنی یاسای بەرکار، پەیوەستبن.

سەبارەت بە جێبەجێبوونی مەرجەکانی پرسیارکردن لە سەرۆک وەزیران و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران، لەکاتی گفتوگۆ لەسەر پڕۆژە بودجەی گشتیی و پڕۆژە یاساکان لە

مـاددەی (65)ی پەیرەوەی نـاوخۆ ئەوە روونکراوەتەوە کە ئەو مەرجانە لەوکاتەدا جێبەجێ ناکرێن.
سـەبارەت بە شـێوازی رەتکـردنەوەی پرسـیاریش لە مـاددەی (60)ی پەیـڕەوی نـاوخۆو لەسـێ بـڕگەدا ئەوە روونکـراوەتەوە کە دەسـتەی سـەرۆکایەتی دەتوانێـت ئەو پرسیارانە رەتبکاتەوە، کە یەکێک لەو مەرجانەی تێدا نەبێت کە لەمـاددەی (59)ی ئەم پەیـڕەوەدا ئاماژەیـان پـێ دراوە، هەروەهـا لەمـاوەیەک کە لە (7) حەوت رۆژ تێـپەر نەکـات، لەبەرواری گەیشـتنی پرسـیارەکە، سـەرۆک پرسـیارەکە دەنێرێـت بـۆ سـەرۆک وەزیـران یـان ئەو وەزیـرەی پرسـیارەکەی ئاراسـتە کـراوە، لەڕێـی سـەرۆکایەتی ئەنجـومەنی وەزیـران و دەبێـت ئەو لایەنەی پرسـیارەکەی ئاڕاسـتەکراوە لە مـاوەی (7) حەوت رۆژدا، وەڵامـی پرسـیارەکە بـداتەوە، لە هەمـوو حاڵەتێکـدا، نابێـت وەڵامـی پرسیارەکە، لە (21) بیست و یەک رۆژ زیاتر دوابخرێت.
سـەبارەت بە چارەنووسـی پرسـیاری نووسـراو لەکـاتی کۆتاییهاتنی وەرزی گرێداندا ماددەی (61) پەیڕەوی نـاوخۆ بەمشێوەیە لەسێ بڕگەدا ئاماژەی پێکردووە:
یەکەم: بەکۆتاییهاتنی وەرزی گرێدان پرسیار کۆتایی نایەت، تەنیا ئەو ماوەیە بۆ وەڵامی پرسیار دیاریکراوە نامێنێت و لەسـەرەتای وەرزی گرێدانـدا، سـەرلەنوێ مـاوەکە دەسـت پێدەکاتەوە.
دووەم: ئەگەر زیـاتر لە یەک ئەنـدام هەمـان پرسـیاری ئاراسـتە کـرد، ئەوا پرسـیارەکە بەنـاوی هەمـوو ئەو

ئەندامانەوە ئاڕاستە دەکرێت کە پێشتر پێشکەشیان کردووە و وێنەیەکی وەڵامەکەش، ئاڕاستەی هەموو ئەو ئەندامانە دەکرێتەوە.
سەبارەت بە پرسیاری زارەکیش ماددەی (62)ی پەیڕەوی ناوخۆ لەمیانی دوو بڕگەدا بەمشێوەیە روونیکردۆتەوە:
یەکەم: سەرۆک وەزیران، یان ئەندامی ئەنجومەنی وەزیران، دەتوانێت ڕاستەوخۆ وەڵامی پرسیاری زارەکیی بداتەوە، یان داوای دواخستنی بکات بۆ ماوەیەک کە لە (15) پازدە رۆژ، تێپەڕ نەکات.
دووەم: دەکرێت پرسیاری زارەکی، بە نووسین، لە ماوەی دیاریکراودا وەڵام بدرێتەوە.
سەبارەت بەیاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو لە ماددەی (54)دا بەمشێوەیە باسی پرسیارو لێپرسینەوە کراوە:
**"هەر ئەندامێکی پەرلەمان بۆی هەیە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان پرسیارو لێپرسینەوە ئاراستەی ئەندامانی ئەنجومەنی جێبەجێکردن بکات لەو بابەتانەی کە دەکەونە چوارچێوەی کارو دەسەڵاتەکانیان و، ئەوانیش دەبێت لە ماوەی حەوت ڕۆژ لە ڕۆژی پێڕاگەیاندنیانەوە وەڵامی بدەنەوەو لەناو پەرلەماندا، لە کاتی پێویستدا و تووێژ لەسەر بابەتی لێپرسینەوەکە دەکرێت."**
ب. **پرساندن:** لە ماددەی (68)ی پەیڕەوی ناوخۆ بەم شێوەیە پێناسەی پرساندن کراوە "بریتییە لە

داواکـردن لە سـەرۆک وەزیـران، یـان یەکێـک لە ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران، بۆ ڕوونکردنەوەی کارنـامەی حکـومەت و هۆکارەکـانی ئەو بڕیـار و ڕەفتـــار و کـــارانەی، کە دەکەونە بـــواری پسپۆڕییەکەیان."

لە چوارچێـوەی ماددەکـانی (69 - 73) لە پەیـڕەوی ناوخۆ[36]، هەروەها بڕگەی (1) لە ماددەی پەنجاوچوارەم

---

(36) مـاددەی (69): یەکەم: هەر ئەنـدامێک، بە واژۆی (5/1) پێـنج یەکـی، ژمارەی ئەندامان دەتوانێت داوای پرساندن، لە سەرۆک وەزیران بکات. دووەم: هەر ئەنـدامێک، دەتوانێـت، بە واژۆی (6/1) شـەش یەکـی، ژمارەی ئەندامان، داوای پرساندن، لە ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران بکـات. سـێیەم: گفتوگۆکردن لەسـەر پرسـاندن ئەنجـام نادرێـت تـا (7) حەوت ڕۆژ، لە ڕێکەوتـی گەیشـتنی داواکـارییەکە، بە سـەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران. مـاددەی (70):ئەو مەرجانەی لە پرساندندا هەن، هەمـان ئەو مەرجـانەن، کە لە پرسـیاردا ئاماژەیـان پـێ دراوە، بە پابەنـدبوون بەم خـاڵانەوە: یەکەم: داواکـاریی پرسـاندنەکە بەنووسـین، هاوپێچ لەگەڵ بابەتی پرساندنەکە و بەڵگە و زانیاریی و و بەڵگەنامەکان ئاڕاسـتەی سـەرۆک دەکرێن. دووەم: پێویسـتە ئەو کەسـەی پرسـاندنی لێکـراوە، لە ڕۆژی گەیشـتنی پرسـاندنەکە لە مـاوەیەک کە لە (14) چـواردە ڕۆژ تێـپەڕ نەبێـت وەڵام بـداتەوە. سـێیەم: ئەگەر پرسـاندنەکە پێویستی بە لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی زانیاری هەبوو، پرسـێندراویش نەیتوانی لە ماوەی دیاریکراودا وەڵامی بداتەوە، داوا لە سەرۆک دەکات بە دواخسـتنی پرسـاندنەکە بـۆ مـاوەیەک کە لە (7) حەوت ڕۆژ زیـاتر نەبێت، دواخستنی پرساندن لەوماوەیە زیاتر بە ڕەزامەندیی پەرلەمان دەبێـت. چـوارەم: دەسـتەی سـەرۆکایەتی پرسـاندن و وەڵامەکەی، لە بەرنـامەی کـاری نزیکتـرین دانیشـتندا، دادەنێـت، ئەگەر وەڵامـی پرسـاندنەکە، لە کـاتی دیـاریکراودا، نەگەیشـتە پەرلەمـان ئەوا تەنیـا پرساندنەکە، دەکرێتە بابەتی گفتوگۆی دانیشتنی تەرخانکراو. مـاددەی

له یاسای ژماره (1)ی ساڵی 1992، شێوازەکانی پرساندن رونکـــراونەتەوە. ئەوەی پەیوەنـــدی بە مـــاددەی (54) ی یاسـای ژمـاره 1ی سـالی 1992وە هەیە، لە برگەی پێشتر لە بابەتی پرسیار دەقەکەی وەکو خۆی نووسراوەتەوە.

ج. **بەدواداچـــوون و لێکـــۆڵینەوەی مەیـــدانی و** چاودێریکردنی گونجانی سیستم و رێنماییەکان کە بـــۆ ئاســـان جێبەجێکردنـــی یاســـاکان

---

(71):یەکەم: دوای خوێنـدنەوەی پرسـاندن و وەڵامەکەی، پرۆسـەی پرسـاندنەکە، بەم شـێوەیە دەبێـت: 1.ئاخـاوتن، دەدرێـتە ئەو ئەنـدامەی داوای پرسـاندنی کـردووه، بـۆ مـاوەیەک لە (15) پـازده خـولەک زیـاتر نەبێت، دواتر بە هەمان کاتی دیاری کراو، دەرفەت بە کەسی پرسێندراو دەدرێت. 2. هەریەکەیان، بۆ یەکجار لەماوەی (3) سێ خولەکدا، مافی وەڵامـدانەوەیان هەیە. 3. دواتـر دەرفەتـی ئاخـاوتن، بـۆ مـاوەی (2) دوو خـولەک، دەدرێـتە هەریەک لەو ئەنـدامانەی، کە پێشـتر نـاوی خۆیـان تۆمـارکردووه. دووەم: 1. ئەگەر پرسـێندراو، بەبـێ هـۆ ئامـادەنەبوو، پرۆسەی پرساندنەکە، بەبێ ئامادەبوونی پرسێندراو بەردەوام دەبێت. 2. ئەگەر ئامـــادەنەبوونەکە، بەپاســـاوێکی ڕەوا بـــوو، دەســـتەی سەرۆکایەتی کاتێکی تر، بۆ پرساندنەکە دیاری دەکات کە لە (30) سی رۆژ تێـپەر نەکـات، ئەگەر لەو ماوەیەشـدا ئامـادەنەبوو، حـوکمی خـاڵی (1)ی ئەم بـڕگەیەی بەسـەردا، جێبەجـێ دەبێـت. مـاددەی (72): ئەو پرساندنانەی لە وەرزی یاسادانانی پێشوودا پێشکەش کراون، دەخرێنە بەرنامەی کاری وەرزی یاسادانانی نوێوە. ماددەی (73): لەم حاڵەتانەدا پرساندن بە کۆتاییهاتوو، هەژمار دەکرێت: یەکەم: ئەو ئەندامەی داوای پرساندنی کردووه، دەتوانێت، لەهەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی پرساندن بە رەزامەنـدی ئەو ئەندامانەی واژۆیـان کـردووه، داوای پرسـاندنەکەی بکشێنێتەوە. دووەم: دەستلەکارکێشانەوەی ئەو وەزیرەی، پرساندنی بۆ کـراوه. سـێیەم: دەستلەکارکێشـانەوەی ئەو ئەنـدامەی، کە پرسـاندنی کـردووه. چـوارەم: ئەگەر وەڵامـی پرسـاندنەکە، بـاوەڕپێهێنەربوو، یـان دەنگی پێویستی نەهێنا، بۆ لێسەندنەوەی متمانە.

دەردەچووێنــــدرێن، لە چوارچێـــوەی مـــاددەی (41)[37] لە پەیڕەوی ناوخۆدا ڕێکخراوە.

د. **بانگهێشـــتکردنی وەزیـــر** بـــۆ پێشکەشـــکردنی رونکـــردنەوە لەســـەر بـــابەتێکی خـــراوەڕوو لە لیژنەکانـــدا، لە چوارچێـــوەی مـــاددەی (43) لە پەیڕەوی ناوخۆ[38]. ئاماژەی پێ کراوە.

---

(37) مـــاددەی (41): هەر لیژنەیەکـــی هەمیشـــەیی، لە چوارچێـــوەی پسپۆڕییەکەیدا، بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە و سەردانی مەیدانی دەکات، لەسـەر ئاسـتی جێبەجێکردنـی ئەو یاسـا گشـتییانەی، بە بەرژەوەنـدییە بنەڕەتییەکـــانی هاونیشـــتمانیانی هەرێـــم پەیوندیـــدارن، هەروەهـــا چـاودێریکردنی گونجـانی سیسـتەم و ڕێنماییەکـان، کە بـۆ ئاسـان جێبەجێکردنـی یاسـاکە دەرچووێنـدراون لەگەڵ ئامـانجی سـەرەکی یاساکە، لەسەر لیژنەی هەمیشەیی پێویستە، ڕاپۆرتێک لەسەر ئەنجامی بەدواداچوونیـان و پێشـنیازەکانیان ئاڕاسـتەی دەسـتەی سـەرۆکایەتی بکەن و ئەوانیش دەتوانن ئەوەی گونجاوە، لە ژێر ڕۆشنایی ڕاپۆرتەکە بیگرنەبەر.

(38)مـاددەی (43): یەکەم: پەرلەمان، لیژنەی کاتی بەمەبەستی ئامادەکردنی ڕاپۆرت، سەبارەت بە بابەتێکی دیاری کراو، لەسەر پێشنیاری دەستەی سـەرۆکایەتی، یـان (4/1)ی چـواریەکی ژمـارەی ئەنـدامان، بەدەنگـی زۆرینەی ئامـادەبووان لە کـاتی پێویسـتدا پێکدەهێنێت. دووەم: دەسـتەی سەرۆکایەتی، لە دەرەوەی وەرزەکانی یاسادانانـدا، دەسـەڵاتی پێکهێنـانی لیـژنەی تـایبەتی هەیە. سـێیەم: بـابەتە تاوانکارییەکـان و هەر بابەتێـک، لەژێـر تێڕوانینـی دادگاکانـدا بێـت، نـابێتە بـابەتی لێکـۆڵینەوەی لیـژنە تایبەتییەکانی پەرلەمان. چوارەم: لەکاتی کارکردنی لیژنە، هەر ئەندامێک نهێنی کاری لیژنە، بدرکێنێت ئەندامێتی لیژنە لەدەست دەدات.

# پێنجەم

# پابەندییەکانی ئەندامی پەرلەمان

لەژێر ڕۆشنایی حوکمەکانی بڕگەو ماددەکانی پەیڕەوی ناوخۆ و یاسا کارپێکراوەکان لە هەرێمی کوردستان، ئەندامی پەرلەمان کۆمەڵێک پابەندی دەکەوێتە ئەستۆ کە پێویستە لەمیانەی کاری پەرلەمانی خۆیدا ڕەچاویان بکات بەم شێوەیەی خوارەوە:

1. سوێندخواردن و پابەندبوون بەناوەڕۆکی سوێندەکەوە، لەچوارچێوەی بڕگەکانی دووەم، سێیەم و چوارەم لە ماددەی (12) لە پەیڕەوی ناوخۆ[39]. لە ڕاستیدا دەقی

---

(39) ماددەی (12): یەکەم: سەرۆکی یەکەم دانیشتن، لە بەردەم پەرلەماندا، سوێندی یاسایی، دەخوات. دووەم: کاندیدە هەڵبژێردراوەکان، لەبەردەم پەرلەماندا، سوێندی یاسایی، دەخۆن. سێیەم: (سوێندخواردن)ی یاسایی سەرۆکی یەکەم دانیشتن و کاندیدە هەڵبژێردراوەکان، بەم شێوەیە دەبێت: (**بەخودای گەورە سوێند دەخۆم، کە بەرژەوەندیی گەلی کوردستان و یەکێتی خاک و گەل و شکۆ و ماف و ئازادییەکانی هاووڵاتیان و سامانی گشتیی بپارێزم و ئەرکی ئەندامێتی بەڕاستیی و دڵسۆزییەوە جێبەجێ بکەم**). چوارەم: هەر کاندیدێکی هەڵبژێردراو، بە ناوەڕۆکی ئەو سوێندە یاساییەی، لەم ماددەیەدا هاتووە، پابەند نەبوو، دەبێت سوێندەکە، دووبارە بکاتەوە.

ئەو سوێندەی کە لەپەیڕەوی نوێی پەرلەماندا هاتووە گشتگیرترە لە دەقی ئەو سوێندەی کە لە پەیڕەوی پێشوودا هەبوو، چونکە بڕگەیەکی بۆ زیادکراوە کە دەڵێت (ئەرکی ئەندامێتی بەراستی و دڵسۆزییەوە جێبەجێ دەکەم) ئەمەش گرنگی زۆری هەیە، چونکە بۆ جێبەجێکردن و پابەند بوون بەو بڕگەیەوە دەتوانرێت کۆمەڵێک لائیحەی ڕێککاری تایبەت بەکاری ئەندامانی پەرلەمان دەربچووێندرێت لەنێویاندا لائیحەی تایبەت بە(رەفتاری ئەندامی پەرلەمان) کە بەدڵنیاییەوە رۆڵی گرنگی دەبێت لەبەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و پابەندی ئەندامی پەرلەمان بەبنەما دروست و یاساییەکانی کاری پەرلەمانتاریەوە.

2. ئامادەبوون لەدانیشتنەکانی پەرلەمان، لەچوارچێوەی بڕگەی یەکەم لەماددەی (22) لە پەیڕەوی ناوخۆ[40].

(40) ماددەی (22): ئەرکەکانی ئەندام: یەکەم: ئەندام، بە ئامادەبوون لە دانیشتنەکانی پەرلەمان پابەند دەبێت، ئەگەر بەبێ هۆیەکی رەوا ئامادەی دانیشتنەکان نەبوو، سەرۆک بە نووسین سەرنجی رادەکێشێت، ئەگەر ئامادەنەبوون دووبارە بووەوە 5% لەسەدا پێنجی مووچەکەی لە هەردانیشتنێک، کە ئامادەی نەبێت دەبڕێت، ئەگەر ئامادەنەبوون، لە (3) سێ دانیشتنی یەک لە دوای یەکدا، یان (5) پێنج دانیشتنی پچڕ پچڕ بێت، لەماوەی یەک وەرزی یاساداناندا، ئەگەر ئامادەنەبوونی دوای ئەم دووبارە بووەوە ئەوا سەرۆک دەتوانێت بابەتەکە بخاتە بەردەمی پەرلەمان و پەرلەمانیش دەتوانێت بە زۆرینەی دەنگی ڕەهای ئەندامەکانی بە لەدەستدانی ئەندامێتی لەقەڵەمی بدات.

3. ئەنـدام بـوون بەلایەنـی کەمەوە لە لیـژنەیەک لە لیـژنە هەمیشـــەییەکانی پەرلەمـــان، لەچوارچێـــوەی بـــڕگەی پێنجەم لە ماددەی (28) لە پەیڕەوی ناوخۆ[41].
4. مۆڵەت وەرگرتن  لە سەرۆکی پەرلەمان بۆ ئاخاوتن لە نـاو دانیشـتەنەکانی پەرلەمـان، لەچوارچێـوەی بـڕگەی یەکەم لە ماددەی (54) لە پەیڕەوی ناوخۆ[42].
5. پابەنـدبوون بە کـاتی دیـاریکراو بـۆ قسـەکردن لە کـاتی گفتوگۆی نێو دانیشـتنەکانی پەرلەمانـدا، لە چوارچێوەی خـاڵی (1)ی بـڕگەی چـوارەم لە مـاددەی (54)، بـڕگەی یەکەم لە مـــاددەی (56)، بڕگەکـــانی یەکەم و دووەم و سێیەم لە ماددەی (64) لە پەیڕەوی ناوخۆ[43].

---

(41)مـاددەی (28): پێـنجەم: دەبێـت ئەنـدام بەلانـی کەمەوە لە لیژنەیەکـی هەمیشــەیی ئەنـدام بێـت و ناکرێـت لە دوو لیـژنە زیـاتر ئەنـدام بێـت، هەروەهـا ناکرێـت ئەنـدام ببێـتە سـەرۆک یـان جێگـری سـەرۆک یـان بڕیاردەری زیاتر لە یەک لیژنە.

(42)مـــاددەی (54): یەکەم: ئەنـــدام، بەمـــۆلەتی ســـەرۆک، لەوجـــێگەیەی دانیشـتووە، یـان لەو سـەکۆیەی بـۆ مەبەسـتی ئاخـاوتن ئامـادەکراوە دەدوێت.

(43)مـــاددەی (54): هەمـــان ســـەرچاوەی پێشـــوو. مـــاددەی (56): یەکەم: ئەنـدام، دەتوانێـت، بە پشتبەسـتن، بە یەکێـک لە مـادده و بڕگەکـانی دەستوور و یاسا بەرکارەکان و یان یەکێک لە مادده و بڕگەکانی ئەم پەیڕەوە لە هەرکاتێکی دانیشـتنی پەرلەمانـدا لە ڕێـی خـاڵی پەیـڕەوییەوە داوای وەرگرتنـــی مـــۆڵەت لە ســـەرۆک بـــۆ مـــاوەیەک کە لە (1) یەک خـوولەک زیـاتر نەبێـت بەبـێ ڕەچـاوکردنی (تۆمـارکردن و ڕیزبەنـدی) ئاخاوتن بکـات. مـاددەی (64): کـاتی دیـاریکراو، بـۆ پرسـیار و وەڵامـی زارەکـی، بەم شـێوەیە دەبێـت: یەکەم: (2) دوو خـولەک، بـۆ پرسـیار.

6. وەڵام نەدانەوەو تــــوانجنەدان لە ئەنـــــدام پەرلەمـــــانە هاوپیشـــەکانی لەکــاتی گفتوگــۆی نێــو دانیشــتنەکانی پەرلەمـان، لەچوارچێوەی خـاڵی (2)ی بـڕگەی چـوارەم لەماددەی (54) لە پەیڕەوی ناوخۆ[44].
7. دەســــتوەرنەدانە کاروبــــاری دەســـــەڵاتەکانی دادوەری وجێبەجێکـــــردن لە دەرەوەی پرۆســــــەی یاســـــادانان وچاودێری، لە چوارچێوەی بڕگەی شەشەم لە ماددەی (22) لە پەیڕەوی ناوخۆ[45].
8. ئەنجامنەدانی گرێبەست بۆ خۆی یان بۆ کەسانی دی لە گەڵ پەرلەمـــان و حکـــومەت لە مـــاوەی خـــولی هەڵبـــژاردن و، بەکارنەهێنـــانی ســـیفەتی ئەنـــدامێتی پەرلەمـــان بـــۆ کاروبـــاری بازرگـــانی و دارایـــی، لە چوارچێـــوەی بـــڕگەی چـــوارەم لە مـــاددەی (22) لە پەیڕەوی ناوخۆ[46].

---

دووەم: (3) سێ خولەک، بۆ وەڵامدانەوە. سێیەم: (3) سێ خولەک، بۆ بەدواداچوونی ئەو ئەندامەی پرسیاری کردووە.

(44)مـاددەی (54): نابێت ئەندام، وەڵامی ئەندامانی تر بداتەوە و توانجیان لێ بدات، ئاخاوتنی خۆی یان هی ئەندامانی تر دووبارە بکاتەوە، تەنیا دەتوانێت پشتگیری بکات.

(45)ماددەی (22): شەشـەم: نابێت ئەندام، دەست لە کارەکانی هەریەک لە دەسەڵاتەکانی دادوەری و جێبەجێکردن وەربدات، تەنها لە چوارچێوەی پسپۆرییەتی یاسادانان و چاودێری نەبێت.

(46)مـــاددەی (22): چـوارەم: نابێـت ئەنـدام لە مـاوەی خـولی هەڵبـژاردن گرێبەسـت لەگەڵ پەرلەمـان یـان حکـومەت بـۆ خـۆی یـان لە ڕێگـای کەسـانی دیکە ئەنجـام بـدات، هەروەهـا نابێت سیفەتی ئەندامێتی خـۆی بقـۆزێتەوە (أسـتغلال) یـان بەکاربهێنێـت یـان ڕێـگە بـدات، سـیفەتی نوێنەرایەتییەکەی بۆ کارێکی بازرگانیی یان دارایی بەکاربهێنرێت.

9. خۆتەرخـــانكردن بـــۆ كـــاری پەرلەمـــان لە دوای سـوێندخواردنی یاســاییەوە، لە چوارچێـوەی بـڕگەی سێیەم لە ماددەی (22) لە پەیڕەوی ناوخۆ[47].

10. پابەنـدبون بە قسـەكردن تەنهـا لەسـەر ئەو بـابەتەی خـراوەتە ڕوو لە كـاتی گفتوگـۆی نێـو دانیشـتنەكانی پەرلەمان، لە چوارچێوەی خاڵی (3)ی بڕگەی چوارەم لە ماددەی (54) لەپەیڕەوی ناوخۆ[48].

11. ڕێزگـــرتن لە دامەزراوە دەسـتوورییەكانی هەرێمــی كوردسـتان، لە چوارچێـوەی بـڕگەی یەكەم لەمـاددەی (24) لە پەیڕەوی ناوخۆ[49].

12. كـۆنەكردنەوەی ئەنـــدامێتی پەرلەمـــان و ئەنـــدامێتی ئەنجـومەنێكی دیـكە لە ئەنجـومەنە هەڵبژێردراوەكـان، لەچوارچێـوەی بـڕگەی حەوتەم لە مـــاددەی (22) لە پەیڕەوی ناوخۆ[50].

---

(47)مـــاددەی (22): سـێیەم: لە بەرواری ئەنجامـدانی (سـوێندخواردن)ی یاسـاییەوە، ئەنـدام بەدەسـت لەكاركێشـاوە لە كـارەكەی پێشـوویدا، دادەنرێت. پێویستە پەیوەندی لەو كارە بپچڕێنێت و بە خۆتەرخانكردنی تەواو، بۆ كاری پەرلەمان، پابەندبێت.

(48)مـاددەی (54): سێیەم: دەبێت ئەندام ئاخاوتنەكانی لەسـەر ئەو بابەتە چڕبكاتەوە كە خراوەتەڕوو و نابێت بگەڕێتەوە سەر بابەتێك كە دەنگی لەسەر دراوە، یان گفتوگۆ لەبارەیەوە كۆتایی هاتووە.

(49)مـاددەی (24): یەكەم: ئەندام، ئازادی ئاخـاوتن و ڕادەربڕینی تەواوی هەیە لەكـاتی ئەنجامـدانی كـاری پەرلەمانیـدا، بە شـێوەیەك ڕەچـاوی ڕێزگـرتن لە دامەزراوە دەسـتوورییەكانی هەرێـم لە چوارچێوەی یاسـا كارپێكراوەكان بكات.

(50)مـــاددەی (22): حەوتەم: نابێـت ئەنـدام كـۆكردنەوە بكـات لە نێـوان ئەنـدامێتی لە پەرلەمـان و ئەنـدامێتی ئەنجـومەنێكی دی، لە ئەنجـومەنە

13. دەرخستن و ئاشکراکردنی بەرژەوەندییە داراییەکانی، لەچوارچێوەی خالی (3-ب) لە بڕگەی هەشتەم لە ماددەی (6) لەیاسای ژمارە (7) ساڵی (2014)[51].

14. مانەوە لەنێو ئەو فراکسیۆنە پەرلەمانییەی کە لەرێگەیەوە بۆتە ئەندامی پەرلەمان، لەچوارچێوەی برگەی دووەم لە ماددەی (110) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان[52].

---

هەڵبژێردراوەکاندا، پێویستە لە سەر ئەندام لە ماوەی (8) هەشت رۆژدا لە ریکەوتی راگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن یەکێک لەو دوو ئەنجومەنە هەڵبژێریت، بەپێچەوانەوە وا هەژماردەکریت کە ئەندامێتی لە پەرلەمان هەڵبژاردووە.

(51)ماددەی (6): دەرخستنی بەرژەوەندییە داراییەکان هەریەک لەمانەی خوارەوە دەگریتەوە: ب. سەرۆکی پەرلەمان وجێگرو سکرتێروئەندامەکان.

(52)ماددەی (110): دووەم: پەرلەمانتار ئازادە لەکاری پەرلەمانییدا، بەڵام هەرکاتێک ئەندامی فراکسیۆنێک لە فراکسیۆنەکەی خۆی جیا بۆوە، یاخود چووە پاڵ فراکسیۆنێکی تر، ئەوا ئەندامێتی خۆی لە دەست دەدات لە پەرلەمان و کەسێکی تر، لەو فراکسیۆنە بەپێی ریزبەندی شوێنی پڕدەکاتەوە بەرەزامەندی پەرلەمان.

# شەشەم

# مافەکانی ئەندامی پەرلەمان

هەروەک ڕێسایەکی گشتی لەبەرامبەر خستنە ئەستۆی ئەرک و پابەندی بۆ کەسێک کۆمەڵێک مافیشی بۆ بڕیار دەدرێت، ئەندامی پەرلەمانیش لە پێناوی ڕێکوپێک بەڕێوەچوونی کارەکانی کۆمەڵێک مافی بۆ بڕیار دراوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

1. پارێزبەندی، بە مەبەستی دەستەبەرکردنی ئازادی تەواو بۆ ئەندامی پەرلەمان لە کارەکانیدا مافی پارێزبەندی پێ بەخشراوە، لەچوارچێوەی ماددەی (24) لە پەیڕەوی ناوخۆ[53].

---

(53)ماددەی (24): پارێزبەندی پەرلەمانیی (الحصانة البرلمانية): یەکەم: ئەندام، ئازادی ئاخاوتن و ڕادەربڕینی تەواوی هەیە لەکاتی ئەنجامدانی کاری پەرلەمانیدا، بە شێوەیەک ڕەچاوی ڕێزگرتن لە دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم لە چوارچێوەی یاسا کارپێکراوەکان بکات. دووەم: نابێت ئەندام ڕاوەدوو (ملاحقة) بنرێت یان لێکۆلینەوەی لەگەڵدا بکرێت یان ماڵ و نووسینگەکەی بپشکنرێت یان دەستگیر بکرێت بەبێ مۆڵەتی پێش وەختەی پەرلەمان تەنیا لەو حاڵەتەدا نەبێت کە تاوانێکی بینراوی ئەنجام دابێت .سێیەم: بڕیاری هەڵگرتنی پارێزبەندی، پێویستی بە دەنگی زۆرینەی ئامادەبووانی پەرلەمانەو لەدەرەوەی وەرزەکانی

پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ئاماژەیەکی نەکردوە بۆ پێناسەی پارێزبەندی بۆیە بە گرنگی دەزانین لەڕووی فیقهییەوە پێناسەیەکی پارێزبەندی بخەینە روو، د. رەمەزان ئەلبەتیخ لە پەرتووکەکەی بەناونیشانی (الحصانة البرلمانية وتطبيقاتها في مصر) لە لاپەڕە (80) پێناسەی پارێزبەندی بەم شێوەیە کردوە (بریتییە لە بەخشینی کەسانێک لە کۆمەڵێک پابەندی سەپێندراو بەسەریاندا، کە پێویست بوو جێبەجێیان بکردایە ئەگەر پارێزبەندییەکە نەبوایە). (ئەلبەتیخ، 2011: 80).

سەبارەت بە پارێزبەندی پەرلەمانیش بەم شێوەیە پێناسەکراوە (مافێکی دەستووری و یاسایی بڕیارلێدراوە بۆ

---

یاسادانانیش، دەستەی سەرۆکایەتی، بڕیار لەسەر هەڵگرتنی پارێزبەندی دەدات. چوارەم: بڕیاری هەڵگرتنی پارێزبەندی، تەنیا بۆ ئەو کردە تاوانییەیە، کە لە داواکارییەکی دادوەرییەوە هاتووە، لەسەر کردەکانی تری، ئەندام جێبەجێ نابێت. پێنجەم: ئەگەر ئەندام تاوانێکی لەجۆری جینایەت لەناو حەرەمی پەرلەمان ئەنجامدا، لەسەر سەرۆک پێویستە کە فەرمان بکات بەدەستگیرکردن و دەستبەسەرکردنی لە شوێنێکی دیاریکراو، پاشان رادەستی دەسەڵاتی دادوەری بکات، بەڵام ئەگەر تاوانەکە، لە جۆری کەتن (جنحة) بوو، سەرۆک دەتوانێت دەسەڵاتی دادوەری ئاگاداربکاتەوە بۆ گرتنەبەری رێوشوێنی یاسایی پێویست بەرامبەری. شەشەم: ئەو ئەندامەی پارێزبەندی لەسەر هەڵگیراوە و رانەگیراوە (توقیف)، لە یەکێک لە گرتووخانەکان دەتوانێت بەشداری دانیشتنەکانی پەرلەمان و کۆبوونەوەی لیژنەکان، بکات و بەشداریش بێت لەگفتوگۆکردن و دەنگداندا. حەوتەم: ئەندام، لە رۆژی (سوێندخواردن)ی یاساییەوە پارێزبەندی پەرلەمانی دەبێت و ناتوانێت بەبێ مۆڵەتی پەرلەمان تەنازولی لێ بکات. هەشتەم: ئەگەر پەرلەمان، داوای هەڵگرتنی پارێزبەندی رەتکردەوە، بەبێ پێشکەشکردنی بەڵگەی نوێ لە سەر هەمان بابەت، داواکاری نوێ پێشکەش ناکرێتەوە.

ئەندامی پەرلەمان، بە سیفەتی ئەندامێتییەکەی نەک سیفەتی کەسێتی، بە جۆرێک دەستەبەری ئازادی رادەربڕین و هەستان بە ئەنجامدانی ئەرکی پەرلەمانتاری بۆ دەکات بێ ئەوەی رووبەڕووی هیچ بەرپرسیاریەتییەکی تاوانکاری یان شارستانی ببێتەوە. (شرون،2011،ص150).

**بەشێوەیەکی گشتی پارێزبەندی لە دوو شێوازدا خۆی دەنوێنێت**

**یەکەم:** پارێزبەندی بابەتی: بریتییە لە بەرپرسیارنەبوونی ئەندامی پەرلەمان لەبەرامبەر دەربڕین و وتنی هیچ بۆچوون و بیرۆکەو وتەیەک، لە میانەی هەستان بە ئەرکی پەرلەمانتارییەکەی.

**دووەم:** پارێزبەندی رێککاری: بریتییە لە نەگرتنەبەری هیچ رێککارێکی تاوانکاری بەرامبەر هەر ئەندامێکی پەرلەمان بەبێ رەزامەندی پەرلەمان تەنها لە کاتی گرتنیدا نەبێت لە ساتە وەختی ئەنجامدانی تاوانێکدا.

2. ئاگاداربوون لەبەرنامەی کاری دانیشتنەکان لە (48) کاتژمێر بەر لەوادەی دانیشتنەکان، لەچوارچێوەی بڕگەی دووەم لەماددەی (47) لەپەیڕەوی ناوخۆ[54].
3. زیادکردنی بابەت بۆ بەرنامەی کار لەماوەی (24) کاتژمێر پێش دانیشتنەکە، لەچوارچێوەی بڕگەی چوارەم لەماددەی (48) لەپەیڕەوی ناوخۆ[55].

---

(54)ماددەی (47):دووەم: هەموو دانیشتنێک، بەرنامەی کاریی پێشوەختەی دەبێت، (48) چل وهەشت کاتژمێر پێش وادەی دانیشتنەکە سەرجەم ئەندامان لەڕێی جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمانەوە لەبەرنامەی کار ئاگاداردەکرێنەوە.

4. خۆپـــالآوتن بـــۆ پۆســـتەکانی دەســـتەی ســـەرۆکایەتی پەرلەمـان، لەچوارچێوەی بڕگەکـانی یەکەم و دووەم لە ماددەی (22) لەپەیڕەوی ناوخۆ[56].
5. ئاخـاوتن و گفتوگـۆ لە نێـو دانیشـتنەکانی پەرلەمـان، لەچوارچێوەی بڕگەی یەکەم لە ماددەی (54)، بڕگەکانی یەکەم و سـێیەم لە مـاددەی (64)، بـڕگەی یەکەم لە ماددەی (71)، بڕگەی یەکەم لە مـاددەی (88)، بڕگەی دووەم لە ماددەی (105) لەپەیڕەوی ناوخۆ[57].

---

(55)مـاددەی (48): چوارەم: سەرۆکی فراکسیۆن، یان نوێنەری پێکهاتەیەک، یـان لانـی کەم (10) دە ئەنـدام، بەر لە (24) بیسـت و چـوار کـاتژمێر لە وادەی دانشتینەکەدا، دەتوانێت داوای زیادکردنی بابەتێک، بۆ بەرنـامەی کـار بکـات، بـابەتەکە گشـتی و بەپەلە بێـت و دواخسـتنی ببێـتە هـۆی لەدەستدانی گرنگی داواکارییەکە.

(56)مـاددەی (22): یەکەم: ئەندام، بە ئامادەبوون لە دانیشتنەکانی پەرلەمان پابەنـد دەبێت، ئەگەر بەبێ هـۆیەکی ڕەوا ئامـادەی دانیشـتنەکان نەبـوو، ســـەرۆک بە نووســـین ســـەرنجی رادەکێشـــێت، ئەگەر ئامـــادەنەبوون دووبارە بووەوە 5% لەسەدا پێنجـی مـووچەکەی لە هەردانیشـتنێک، کە ئامادەی نەبێت دەبڕێت، ئەگەر ئامادەنەبوون، لە (3) سێ دانیشتنی یەک لە دوای یەکدا، یـان (5) پێنچ دانیشـتنی پچـڕ پچـڕ بێـت، لەمـاوەی یەک وەرزی یاسـادانانـدا، ئەگەر ئامـادەنەبوونی دوای ئەم دووبـارە بـووەوە ئەوا ســـەرۆک دەتوانێـــت بـــابەتەکە بخـــاتە بەردەمـــی پەرلەمـــان و پەرلەمـانیش دەتوانێـت بە زۆریـنەی دەنگـی ڕەهـای ئەنـدامەکانی بە لەدەستدانی ئەندامێتی لەقەڵەمی بدات .دووەم: ئامادەنەبوونی ئەندام لە دانیشتنەکانی پەرلەمان و کۆبوونەوەی لیژنەکان بەهـۆی ڕاسپاردنی بە ئەرکێکی پەرلەمان بە ئامادەنەبوو هەژمار ناکرێت و بە (بەشاندکراو) هەژماردەکرێت.

(57)مـــاددەی (54): یەکەم: ئەنـــدام، بەمـــۆڵەتی ســـەرۆک، لەوجـــێگەیەی دانیشـتووە، یـان لەو سـەکۆیەی بـۆ مەبەسـتی ئاخـاوتن ئامـادەکراوە

6. پێـدانی مـووچەو دەرمـاڵەی تـایبەت، لە چوارچێـوەی بڕگەی پێنجەم لە ماددەی (23) لە پەیڕەوی ناوخۆ[58].
7. وەرگرتنی مۆڵەتی نەخۆشـی، لە چوارچێوەی بڕگەکانی سـێیەم و چـوارەم لە مـاددەی (23) لە پەیـڕەوی ناوخۆ[59].

---

دەدوێت. مـاددەی (64): یەکەم: (2) دوو خـولەک، بۆ پرسـیار. سـێیەم: (3) سێ خـولەک، بۆ بەدواداچوونی ئەو ئەندامەی پرسیاری کردووە. مـــاددەی (71): یەکەم: دوای خوێنـــدنەوەی پرســـاندن و وەڵامەکەی، پرۆسـەی پرسـاندنەکە، بەم شـێوەیە دەبێت: 1ـ ئاخـاوتن، دەدرێتە ئەو ئەندامەی داوای پرساندنی کردووە، بۆ ماوەیەک لە (15) پازدە خـولەک زیـاتر نەبێت، دواتـر بە هەمـان کـاتی دیـاری کـراو، دەرفەت بە کەسـی پرسـێندراو دەدرێت. 2ـ هەریەکەیـان، بـۆ یەکجـار لەمـاوەی (3) سـێ خولەکدا، مافی وەڵام دانەوەیـان هەیە. 3ـ دواتـر دەرفەتـی ئاخـاوتن، بۆ مـاوەی (2) دوو خـولەک، دەدرێتە هەریەک لەو ئەنـدامانەی، کە پێشـتر نـاوی خۆیـان تۆمـارکردوە. مـاددەی(88): یەکەم: ئەو ئەنـدامەی نـاوی تۆمـارکراوە، دەتوانێت، لەسـەر هەر مـاددەیەک تەنیـا یەکجـار بدوێت و نابێـــت لە (2) دوو خـــولەک، تێـــپەر بکـــات. مـــاددەی(105): دووەم: هەرئەنـدامێک دەتوانێـت لەســـەر هەر مـاددەیەک بـۆ مـاوەیەک لە (3) خولەک تێپەڕنەکات، گفتوگۆ بکات.

(58)مـاددەی (23): پێنجەم: هەریەک لە دەسـتەی سـەرۆکایەتی و ئەنـدامان، مووچە و دەرماڵەی مانگانە وەردەگرن، کە بە یاسا ڕێکدەخرێن.

(59)مـــاددەی (23): سـێیەم: ئەنـدام، دەتوانێـت مـۆڵەتی نەخۆشـیی، بەپێـی ڕێکارەکان وەربگرێت. چوارەم: سـەرۆک، دەتوانێت مۆڵەتێکی ئاسـایی بدات بە ئەندام، ئەگەر بارودۆخەکەی پێویستی کرد، بۆ ماوەیەک، کە لە (15) پـازدە ڕۆژ تێپەڕنەکـات، بەسـەریەکەوە، یـان پچڕپچـڕ، لە مـاوەی هەر وەرزێک، لە وەرزەکانی یاسادانانا.

8. بــــايكۆتی دانیشـــــتنەکان و هەڵوێســـــت وەرگـــــرتن، لە چوارچێـــــوەی بـــــڕگەی حەوتەم لە مـــــاددەی (23) لە پەیڕەوی ناوخۆ[60].
9. گەڕانەوە بۆسەر وەزیفەی پێشوو لەدوای کۆتاییهاتنی ئەندامێتی، لەچوارچێوەی بڕگەی یەکەم لە ماددەی (23) لە پەیڕەوی ناوخۆ[61].
10. پێـــدانی مـــووچەی خانەنشـــینی، لە چوارچێـــوەی بڕگەکانی یەکەم، دووەم و شەشـەم لە ماددەی (23) لە پەیڕەوی ناوخۆ، هەروەها ماددەی یەکەم لە یاسای هەمـــواری دووەمـــی یاســـای خانەنشـــینی ئەنـــدامانی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (12)ی ساڵی 2008[62].

---

(60) مـــاددەی (23): حەوتەم: کاتێـــک فراکســـیۆن، یـــان ئەنـــدام لەبەر هەڵوێستێک، بایکۆتی دانیشتنی پەرلەمان دەکەن، لەناو هۆڵی پەرلەمان بە ئامادەنەبوو هەژمار ناکرێت.

(61) مـاددەی (23): یەکەم: لەکاتی کۆتاییهـاتنی ئەندامێتی، ئەگەر مەرجێک لە مەرجەکانی لەدەست نەدابوو، ئەندام بۆی هەیە بگەڕێتەوە بۆ وەزیفە و سەرپشـکەی لەوەی مـووچەی خانەنشـین، یـان مـووچکەی تـری وەربگرێـت و ئەنـدامانی خولەکـانی پێشـووتری پەرلەمـان دەتـوانن لەم مافە سوودمەندبن.

(62) مـاددەی (23): یەکەم: لەکاتی کۆتاییهـاتنی ئەندامێتی، ئەگەر مەرجێک لە مەرجەکانی لەدەست نەدابوو، ئەندام بۆی هەیە بگەڕێتەوە بۆ وەزیفە و سەرپشـکە لەوەی مـووچەی خانەنشـین، یـان مـووچەکەی تـری وەربگرێـت و ئەنـدامانی خولەکـانی پێشـووتری پەرلەمـان دەتـوانن لەم مـافە سـوودمەندبن .دووەم: مـاوەی ئەنـدامێتیەکەی، بـۆ مەبەسـتی سـەرمووچە و پلەبەرزکـردنەوە (ترقیـة) و خانەنشـینی هەژماردەکرێـت. شەشەم: ئەگەر ئەندامێک، لەکاتی یان لە ئاکامی راژەی لە پەرلەمان یان بەهـۆیەوە کـۆچی دوایـی کـرد، ئەوا بەپێـی یاسـا کارپێکراوەکـان، مـووچەیەکی خانەنشـینی، بـۆ میراتگرانـی تەرخـان دەکرێـت. یاسـای

11. داواکردنـی خـاڵی پەیـڕەوی، لەچوارچێـوەی بـڕگەی یەکەم لە ماددەی (56) لەپەیڕەوی ناوخۆ[63].
12. پێشـــنیاری ســـڕینەوەی ئاخـــاوتنی ئەنـــدامی دیـــکە لەپرۆتۆکۆل، لەچوارچێوەی بڕگەی دووەم لە ماددەی (55) لە پەیڕەوی ناوخۆ[64].

---

خانەنشینی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (12)ی سالّی 2008 مـــاددەی یەکەم لە مـــاددە لە مـــاددەی دووەم بـــڕگەی (ا) لە یاســـاکە هەمواردەکرێـــت و بەم شـــێوەیە دەخوێنـــدرێتەوە: یەکەم: ســـەرۆکی ئەنجـومەن و جێگـرەکەی و سـکرتێرو ئەنـدام لە کـاتی تەواوبـوونی ئەنــدامێتی یـــان نەتـــوانینی جێبەجێکردنـــی کـــارەکەی یـــان نەمـــانی ئەنـــدامێتییەکەی (80%)ی ســـەرجەم مـــووچەو دەرمـــاڵەی مانگـــانەی هاوەڵەکـانی کە بەردەوامـن لە ئەنجـومەن وەردەگرێـت هەروەهـا دوای کۆچی دواییشـی پاشـەواری شایسـتە هەمـان ڕێژە وەردەگرن. دووەم: ئەو ئەنـدامەی ئەنجـومەن کە واز دێنێـت ئەو مـووچەیەی خانەنشـینی وەردەگرێـت کە لە بـڕگەی (یەکەم)ی سـەرەوەدا هـاتووە، ئەگەر چـوار دەورەی بەســـتنی ئەنجـــومەن بە ســـەر ئەنـــدامییەکەدا ڕەتبووبێـــت و 60%ی کۆی مووچەو دەرماڵەی مانگانەی ئەو هەواڵانەی وەردەگرێت کە لە ئەنجومەنـدا بەردەوامـن. ئەگەر بەسـەر ئەندامییەکەیـدا کەمتـر لەو مـاوەیە ڕەتبووبێت. هەروەهـا لە کـاتی مردنیشـیدا پاشـەوارەکانی(خلف) هەمان ڕێژە وەردەگرن.

(63) مـــاددەی (56): یەکەم: ئەنـدام، دەتوانێـت، بە پشتبەسـتن، بەیەکێـک لە ماددە و بڕگەکانی دەستوور و یاسا بەرکارەکان و یان یەکێک لە ماددە و بڕگەکـانی ئەم پەیـڕەوە لە هەرکـاتێکی دانیشـتنی پەرلەمانـدا لە ڕێـی خاڵی پەیڕەوییەوە داوای وەرگرتنی مۆڵەت لە سەرۆک بۆ مـاوەیەک کە لە (1) یەک خـولەک زیـاتر نەبێت بەبێ ڕەچـاوکردنی (تۆمـارکردن و ڕیزبەندی) ئاخاوتن بکات.

(64) مـــاددەی (55): دووەم: ئەنـــدام، دەتوانێـــت، پێشـــنیازی ســـڕینەوەی ئاخـاوتنی ئەندامێکی تـر بکـات، ئەگەر لە پەیـڕەو لایـدا، یـان پێچەوانەی

13. پێشکەشـــکردنی داواکـــاری دەستلەکارکێشـــانەوە لەئەنـدامێتی بـۆ سـەرۆکی پەرلەمـان، لەچوارچێـوەی بڕگەی دووەمی ماددەی (25) لە پەیڕەوی ناوخۆ[65].
14. پێدانی هاوکاری بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی لەلایەن دەسـتەی سـەرۆکایەتییەوە، لە چوارچێـوەی مـاددەی (120) ی پەیڕەوی ناوخۆ[66].

---

شـێواز و مەرجەکـانی گفتوگـۆکردن بـوو، سـەرۆک بڕیـار لەسـەر داواکاری ئەندامەکە دەدات.

(65) مـاددەی (25): دووەم: دەست لەکارکێشانەوە: 1. ئەندام، دەتوانێت، بێ مەرج، بەداوایەکـی نووسـراو دەسـت لەکارکێشـانەوەی لە پەرلەمـان پێشکەشـی سـەرۆک بکـات. 2. دەبێـت سـەرۆک لە نزیکتـرین دانیشـتنی پەرلەماندا، داواکارییەکە بخاتە بەرنامەی کارەوە، بۆ ئەوەی لە هەمـوو بارێکدا لەمـاوەی (30) سـی ڕۆژدا، دەستلەکارکێشـانەوەکە، بە دەنگـی زۆرینەی ئامادەبووان یەکلا بکرێتەوە. 3. ئەندامی داواکار، دەتوانێت لە داواکەی پاشگەزببێتەوە، لە ڕێگەی پێشکەشکردنی داوایەکی نووسـراو بـۆ سـەرۆک پـێش دەنگدان لەسـەر دەستلەکارکێشـانەوەکەی. سـێیەم: لەدەسـتدانی ئەنـدامێتی (سـقوط العضـوية) ئەنـدام، لەم حاڵەتـانەدا ئەندامێتی، لەدەست دەدات: 1. لەدەستدانی شیاویەتی یاسایی. 2. یەکێک لەمەرجەکانی ئەندامێتی، کە لەیاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمـارە (1)ی سـاڵی 1992ی هەمـواکراودا هـاتووە، لەدەسـت بـدات. 3. حوکمـدران بە هـۆی ئەنجامـدانی تـاوانێکی ئەنقەسـت، یـان کەتنێکـی ئـابڕووبەر. 4. ئامـادەنەبوونی ئەنـدام، لە دانیشـتنەکانی پەرلەمـان، بەپێـی بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (22)ی ئەم پەیڕەوە.

(66) مـــاددەی (120): بە پشتبەســتن، بە ڕاپـۆرتی پزیشـکی تایبەتمەنـد، دەستەی سەرۆکایەتی دەتوانێت، یارمەتی ئەو ئەندامە بدات، کە تووشی نەخۆشـییەک دێـت و پێویسـتی بە چارەسـەر دەبێـت، لەنـاوەوە، یـان لەدەرەوەی هەرێم.

# حەوتەم

# ڕێککارە بەرزەفتیەکانی تایبەت بە کاری ئەندامی پەرلەمان

لەکـاتی پابەنـدنەبوون یـان ژێربـارنەبوونی ئەنـدامی پەرلەمان بۆ ئەو رێساو بنچینانەی دانراون بۆ رێکخستن وبەڕێوەچوونی کاروبارەکانی پەرلەمان، کۆمەڵێک رێککاری بەرزەفتکـردن کە لەپەیـڕەوی نـاوخۆدا بڕیاریـان لێـدراوە جێبەجێ دەکرێن لەبەرامبەر ئەندامی سەرپێچیکار، لەپێناوی پارێزگـاریکردن لە بـاش بەڕێوەچـوونی کاروبارەکـانی پەرلەمان، بەم شێوەیەی خوارەوە:

1. هەڵگرتنی پارێزبەندی، لەچوارچێوەی بڕگەی سێیەم لە ماددەی (24) لە پەیڕەوی ناوخۆ[67].
2. رێگـــرتن لەبەردەوامبـــوون لە ئاخـــاوتن لەکـــاتی گفتوگۆکـــانی نێـــو دانیشـــتنەکانی پەرلەمـــان لەلایەن

---

(67)مـاددەی (24): سـێیەم: بڕیـاری هەڵگرتنـی پارێزبەنـدی، پێویسـتی بە دەنگـی زۆریـنەی ئامـادەبووانی پەرلەمـانەو لەدەرەوەی وەرزەکـانی یاســادانانیش، دەســتەی ســەرۆکایەتی بڕیــار، لەســەر هەڵگرتنــی پارێزبەندی دەدات.

سەرۆکی پەرلەمانەوە، لەچوارچێوەی بڕگەی پێنجەم لە ماددەی (54) لەپەیڕەوی ناوخۆ[68].

3. سڕینەوەی هەموو یان بەشێک لەئاخاوتنی ئەندام، لە چوارچێوەی بڕگەی یەکەم لە ماددەی (55) لە پەیڕەوی ناوخۆ[69].
4. بیرهێنانەوەی ئەندام بە پارێزگاریکردن لەرێکوپێکی بەڕێوەچوونی دانیشتنەکان، لە چوارچێوەی بڕگەی یەکەم لە ماددەی (57) لە پەیڕەوی ناوخۆ[70].
5. وریاکردنەوەی ئەندام لە کاتی بەردەوامبوون لە سەرپێچی، لە چوارچێوەی بڕگەی دووەم لە ماددەی (57) لە پەیڕەوی ناوخۆ[71].

---

(68)ماددەی (54): پێنجەم: سەرۆک، دەتوانێت رێگە لە بەردەوامبوونی ئەندام لەسەر ئاخاوتنەکەی بگرێت، ئەویش لە یەکێک لەم ئەگەرانەدا:ـ بێمۆڵەت ئاخاوتنی کرد.ـ لەکاتی ئاخاوتندا وشەی نەشیاو، یان تانەوتەشەر، بەرامبەر هەر دەزگایەکی دەستووریی و یاسایی هەرێم یان ئەندامێک، یان فراکسیۆنێکی پەرلەمانی، یان هەرکەسێکی دی بەکار هێنا.ـ باسی لە تایبەتمەندییەکانی ئەندامێک، یان هەرکەسێکی تر کرد.ـ باسی لە نهێنییەکانی دۆسییەک کە لە بەردەم دادگایە کرد، یان هەر دۆسییەکی تر کە لە کاتی درکاندنی رێگە پێدراو نەبێت.ـ ماوەی دیاریکراوی ئاخاوتنی، کۆتایی هاتبێت.ـ ئەگەر لە بابەتی گفتوگۆ دەرچوو.

(69)ماددەی (55): یەکەم: سەرۆک، دەتوانێت فەرمان بکات بە سڕینەوەی هەموو یان بەشێک لە ئاخاوتنی هەر ئەندامێک لە پرۆتۆکۆل کە پێچەوانەی شێواز و مەرجەکانی گفتوگۆکردن بێت، کە لەم پەیڕەوەدا دەقنووس کراون، و لەکاتی نارەزایی ئەندام، دەستەی سەرۆکایەتی، بێ گفتوگۆکردن، بڕیاری یەکلاکەرەوە دەدات.

(70)ماددەی (57): یەکەم: بەبیر ئەندامەکە دێنێتەوە کە رێکوپێکی دانیشتنەکە بپارێزێت.

6. سـڕینەوەی وتەکـانی ئەنـدام لە پرۆتۆکـۆل دوای بەکارهێنـانی زمـانی زبـر، سـەرەڕای وریـاکردنەوەی لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە، لە چوارچێوەی بڕگەی سێیەم لە ماددەی (57) لە پەیڕەوی ناوخۆ[72].
7. سەرنجراکێشـان بەنووسـین لە کـاتی پابەنـدنەبوونی ئەنـدام بە ئامـادەبوون لە دانیشـتنەکانی پەرلەمـان، لە چوارچێـوەی بـڕگەی یەکەم لە مـاددەی (22) لە پەیڕەوی ناوخۆ.
8. بڕینـی (5%) مـووچەی ئەنـدام لە بەرامـبەر ئامـادەنەبوونی لەهەر دانیشـتنێک، ئەگەر هـاتوو ئامادەنەبوونەکـان دووبـارە بـوونەوە، لە چوارچێـوەی بڕگەی یەکەم لە ماددەی (22) لە پەیڕەوی ناوخۆ.
9. بڵاوکـردنەوەی ئامـادەنەبوونی ئەنـدامی پەرلەمـان لە ماڵپەری پەرلەمان، وێڕای بڕینی مووچەکەی، لە کاتێکدا ئەنـدامی پەرلەمـان لە (3) دانیشـتنی یەک لەدوای یەک یـان (5) دانیشـتنی پچـڕ پچـڕ لە مـاوەی وەرزێکـی یاسادانان ئامادە نەبێت، لە چوارچێوەی بڕگەی یەکەم لە ماددەی (22) لە پەیڕەوی ناوخۆ].
10. لەدەسـتدانی ئەنـدامێتی ئەنـدامی پەرلەمـان لەرێـگەی خسـتنەدەنگدانی چارەنووسـی ئەنـدامێتییەکەیەوە

---

(71)مـاددەی (57): دووەم: ئەگەر پابەندنەبوو هەر بەردەوام بوو، سـەرۆک وریای (تنبیه) دەکاتەوە.

(72)مـاددەی (57): سـێیەم: لە حـاڵەتی بەکارهێنـانی زمـانی زبـردا، ئەوا وریـاکردنەوەکە سـڕینەوەی ئاخاوتنەکانیشـی لە پرۆتۆکـۆل لەگەڵـدا دەبێت.

لەبارێکـدا دووبـارە ئامـادەنەبوو لەدانیشـتنەکان دوای وەرگرتنی سـەرجەم رێککارە ئاماژەپێکراوەکانی دیکە، لە چوارچێـــوەی بـــڕگەی یەکەم لە مـــاددەی (22) لەپەیڕەوی ناوخۆ.

# هەشتەم

# نەمانی ئەندامێتی

ئەندام لە چەند بارێکی دیاریکراودا لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان مافی ئەندامێتی نامێنێت لە پەرلەمانی کوردستان، بەم شێوەیەی خوارەوە:

### 1. کۆتاییهاتنی ئەندامێتی

ئەندامی پەرلەمانی کوردستان کۆتایی بە ئەندامێتییەکەی دێت لەم بارانەی خوارەوەدا:

أ. کۆتاییهاتنی خولی پەرلەمان یان هەڵوەشانەوەی، لە چوارچێوەی خاڵی (1) بڕگەی یەکەم لە ماددەی (25) لە پەیڕەوی ناوخۆ.

ب.مردنی ئەندام، لە چوارچێوەی خاڵی (2) بڕگەی یەکەم لە ماددەی (25) لە پەیڕەوی ناوخۆ.

ت.نەمانی توانای راپەڕاندنی کاری پەرلەمانی، سەلمێنراو بە راپۆرتی پزیشکی، لە چوارچێوەی خاڵی (3) بڕگەی یەکەم لە ماددەی (25) لە پەیڕەوی ناوخۆ.

### 2. دەستلەکارکێشانەوە

أ. ئەندامی پەرلەمان دەتوانێت بێ مەرج داوای دەستلەکارکێشانەوە لە ئەندامێتی پێشکەشی سەرۆکی پەرلەمان بکات، لە چوارچێوەی بڕگەی دووەم لە ماددەی (25) لە پەیڕەوی ناوخۆ[73].

---

(73) ماددەی (22): هەمان سەرچاوە.

ب.لە کاتی وەرگرتنی پۆستێکی وزاری، ئەندامی پەرلەمان بەدەستلەکارکێشاوە دادەنرێت، لە چوارچێوەی بڕگەی هەشتەم لە ماددەی (22) لە پەیڕەوی ناوخۆ[74].

## 3. لەدەستدانی ئەندامێتی

ئەندام لەم بارانەی خوارەدا ئەندامێتی پەرلەمانی کوردستان لەدەست دەدات:

أ. لەدەستدانی شیاویەتی یاسایی، لە چوارچێوەی خاڵی (1) بڕگەی سێیەم لە ماددەی (25) لە پەیڕەوی ناوخۆ. سەرەتا بەپێویستی دەزانین ئاماژەیەک بۆ پێناسەی شیاویەتی یاسایی بکەین تاوەکو بزانین نیازی یاسادانەر لە ئاماژەبۆکردنی ئەم دەستەواژەیە لە چوارچێوەی پەیڕەوی ناوخۆدا چییە، شیاویەتی یاسایی: بریتییە لە توانای مرۆڤ بۆ هەبوونی ماف و لەئەستۆگرتنی پابەندی و بەرپرسیارێتی، هەروەها ئەنجامدانی رەفتاری یاسایی بەجۆرێک مافی بۆ بەدەست بێنێت لەهەمان کات

(74) ماددەی (21): پێویستە پاڵێوراو بۆ ئەندامێتی پەرلەمان، ئەم مەرجانەی خوارەوەی فەراهەم بێت: - لە هاووڵاتیانی کوردستان - عێراق بێت و، لێی نیشتەجێ بێت. - تەواو شیاوبێت و گەیشتبێتە تەمەنی بیست و پێنج ساڵ-.بە چاکی خوێندن و نووسین بزانێت-. بە جۆرە تاوانێک حوکمی زیندانیکردن نەدرابێ کە لە ڕەوشت و ئادابی گشتی و دەستپاکی لایدابێت-.بە تاوانی کوشتنی دەستەنقەست یان دزی حوکمی زیندانیکردن نەدرابێت-.لەو تاوانانەدا بەشداری نەکردبێت کە دەسەڵاتی سەرکوتکار لە کوردستاندا پلانی بۆ دانابێت یان ئەنجامی دابێت.

بەرپرســـیاریێتی و پابەندیشـــی بـــۆ دروســـت بکـــات. بەبۆچـوونی بەنـدە یاسـادانەر لەو خـاڵەدا کەموکـورتی یاســایی زۆری بــۆ جێهێشــتووین، چــونکە شــیاویەتی یاســایی وردەکــاری زۆری هەیەو بەو دیــڕە ئامــانج و مەبەسـتی خـۆی نـادات بەدەسـتەوە، ئەگەر ئـێمە بـاس لەشـیاویەتی یاسـایی بکەیـن، بەشـێوەیەکی گشـتی دوو جۆر شیاویەتی یاساییمان هەیە (شیاویەتی هەبوونی ماف)، (شیاویەتی ئەنجامدانی کار)، سەبارەت بە جۆری یەکەم (شیاویەتی هەبوونی مـاف) ئەوەی پەیوەست بێت بە پەرلەمانتــارەوە پــێم وایە مــاددەی (21) لە یاســای هەڵبژاردنــی کوردســـتان ژمــارە(1) بــۆ ســاڵی 1992 چارەسەری کردووە، چونکە مەرجەکانی بوونە ئەندامی پەرلەمان لەوێدا ئاماژەیان پێکراوە، یاسادانەریش خۆی لە خــاڵی دووەمــی بــڕگەی ســێیەم لە مــاددەی (25)ی پەیڕەوی ناوخۆ وەک یەکێک لە هۆکارەکانی لەدەستدانی ئەنـدامێتی ئامـاژەی پێکردووە، کەوابێت لێرەوە دەگەیـنە ئەو دەرەنجــامەی، یاســـادانەر مەبەســـتی لەشـــیاویەتی یاسـایی جـۆری دووەمیەتـی کە بـریتییە لە (شـیاویەتی ئەنجامـدانی کـار)، لەهەمـان کاتـدا ئەویشـی کـۆتکردووە بەوشــەی (لەدەســتدان)، چــونکە ئـێمە بـاری دیکەشـمان هەیە کە کـار دەکـاتە سـەر( شـیاویەتی ئەنجامـدانی کـار) وەک (نــاتەواوی شــیاویەتی)، بەڵام کاتێـک یاســادانەر لە پەیڕەودا دەستەواژەی (لەدەستدانی شیاویەتی یاسـایی) بەکارهێنـاوە، ئەوا ئەم بارەشـی بـواردووە لە مەبەسـت و ئامــانجی خــۆی، بەوردبــوونەوە لە حــوکمە گشــتییەکانی

یاسای شارستانی عیراقی ژمارە (40)ی ساڵی 1950، ئەوا تەنها دوو حاڵەت دەمێنێتەوە کە یاسادانەر مەبەستی بوون ئەوانیش، شێتی (جنون) لەگەڵ شێتۆکەیی (عتە)ە. لەم بارەیەوە دەستوری ئوردنی روونتر ئەم بابەتەی چارەسەر کردووە کاتێک لەجیاتی دەستەواژەی (لەدەستدانی شیاوییەتی)، راستوخۆ دەستەواژەی (شێتی و شێتۆکەیی) بەکارهێناوە، هەروەک لە بڕگەی (و) لە ماددەی (75)دا هاتووە: (لا يكون عضواً في المجلس الاعيان والنواب..... و- من كان مجنوناً او معتوهاً).

ب. لەدەستدانی یەکێک لەمەرجەکانی ئەندامێتی هاتوو لە ماددەی 21 لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992 لە چوارچێوەی خاڵی (2) بڕگەی سێیەم لە ماددەی (25) لە پەیڕەوی ناوخۆ.

ت.حوکمدانی بەهۆی تاوانی بە ئەنقەست یان کەتنی ئابڕوبەر، لە چوارچێوەی خاڵی (3)ی بڕگەی سێیەم لە ماددەی (25) لە پەیڕەوی ناوخۆ.

پ.ئامادەنەبوونی ئەندام لە دانیشتنەکان بەگوێرەی بڕگەی یەکەم لە ماددەی (22) لە پەیڕەوی ناوخۆ، لە چوارچێوەی خاڵی (4)ی بڕگەی سێیەم لە ماددەی (25) لە پەیڕەوی ناوخۆ.

ج. جیابوونەوەی ئەندام لە فراکسیۆنەکەی و چوونە پاڵ فراکسیۆنێکی دی، لە چوارچێوەی بڕگەی دووەم لە ماددەی (110) لە پەیڕەوی ناوخۆ.

# سەرچاوەکان

## کتێب

### عەرەبی

1. الليمون، عوض رجب، احكام اسقاط العضوية عن اعضاء مجلس الامة في الدستور الاردني، مجلة دراسات علوم الشريعة والقانون، الجامعة الاردنية، المجلد (4)، العدد (1)، 2014.
2. البطيخ، رمضان. (2011)، الحصانة البرلمانية وتطبيقاتها في مصر، القاهرة. دار النهضة العربية.
3. شرون، حسنية. (2011)، الحصانة البرلمانية، مجلة الفكر، العدد الخامس، مغرب، كلية الحقوق والعلوم السياسية.
4. خالد عبدالله، د. ئەڤین. (2017)، المركز القانوني لعضو البرلمان، ط1، قاهرة، المركز العربي للنشر والتوزيع.

### کوردی

1. پەیڕەوی ناوخۆ. (2018)، پەرلەمانی کوردستان.
2. بەزاز، عەونی. (2016). یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و هەموارەکانی، هەولێر، پەرلەمانی کوردستان.
3. بەزاز، عەونی. (2013) یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی هەموارکراو لەگەڵ هەندێک یاساو بڕیاری پەیوەست بەو بابەتە.چ1.هەولێر.سەنتەری توێژینەوە، پەرلەمانی کوردستان .

## یاسا

1. یاسای ژمارە (7)ی ساڵی 2014- یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتیی دەسپاکیی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (3)ی ساڵی 2011
2. یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2014 یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی
3. یاسای ژمارە (2)ی ساڵی 2015 یاسای سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق
4. یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2010 یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق .
5. یاسای ژمارە (14)ی ساڵی 2000 یاسای دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستانی عێراق.
6. یاسای ژمارە (12) ی ساڵی 2008 یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای خانەنشینی ئەندامانی ئەنجومەنی .
7. پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوینەرانی عێراق.
8. پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان پەسەندکراو لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە.

## ئەلیکترۆنی

1. Joradp.dz. (2018). [online] Available at: https://www.joradp.dz/trv/acons.pdf [Accessed 12 Dec. 2018].
2. Anon, (2018). [online] Available at: https://goo.gl/UjM1xc [Accessed 12 Dec. 2018].
3. الميزان | البوابة القانونية القطرية :: النظام الأساسي لسنة .(2019) .الميزان | البوابة القانونية القطرية 1972 النظام الأساسي المؤقت المعدل. [online] Available at: http://www.almeezan.qa/LawPage.aspx?id=2285&language=ar [Accessed 10 Feb. 2019].
4. Anon, (2019). [online] Available at: https://www.government.ae/ar-ae/about-the-uae/the-constitution-of-the-uae [Accessed 10 Feb. 2019].